Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi
Yıl: 6, Cilt: 6 Sayı: 12, 2020/2, ss. 25-58

# شیعر و ڕۆژنامەگەریی، بە نموونەی شیعرەکانی (هێمن موکریانی١٩٨٦ - ١٩٢١ز)

بارزان کانبي طاهر[1]

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بە ناونیشانی (شیعر و ڕۆژنامەگەریی، بە نموونەی شیعرەکانی "هێمن موکریانی١٩٢١ - ١٩٨٦ز") یە. دەروازەیەکە پەیوەندی نێوان ویژە و ڕۆژنامەگەریی کوردی، بە تایبەتی شیعر و ڕۆژنامەگەریی دەخاتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەوەش دوای ناساندن و لایەنی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ژانرەکە، بە وردی تیشک دەخاتەسەر شیعرەکانی (هێمن موکریانی)، کە لە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی سەردەمی (ژێکاف ١٩٤٢- ١٩٤٥ز) و (کۆماری کوردستان ١٩٤٦ز) و ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٥٩- ١٩٦٣ز)دا بڵاوکراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە خستنەڕووی سەرجەم شیعرە بڵاوکراوەکانی نێو ئەم ڕۆژنامە و کۆوارانە، پاشان بە دەقە شیعرییەکانی نێو دیوانەکانی بەراوردکردنیان دەکات و جیاوازی نێوان هەر یەکەیان دەردەخات، هەروەها (١٦) پارچە شیعری تریشی دەخاتە ڕوو، کە تاکو ئێستا لە سەرجەم دیوانە چاپکراوەکانیدا بڵاونەکراونەتەوە. هەر لەم بارەوە بۆ زیاتر خستنەڕووی شیعرەکانی ناوبراو، ئاماژە بە (٣) پارچە شیعری تریش دەکات، کە لە کۆوارەکانی، (گزنگ ١٩٧٢ز، مامۆستای کورد ١٩٨٥- ١٩٩٦ز، ژین ٢٠٠٩ز) دا، بڵاوکراونەتەوە و لە دیوانەکانیدا، نیین.

وشەی کلیلی: شیعر، ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامە، کۆوار، هێمن موکریانی، دیوان.

**ÖZET**

**(Şiir ve Gazetecilik "Hemin Mukrîyani'nin şiir örneğiyle 1921-1986")** isimli bu araştırma Kürt edebiyatı ve gazeteciliği arasındaki ilişkiye özellikle şiir ve gazetecilik bağlamında dikkat çekmektedir. Bu konuda her iki türün tanıtımı, ortak ve farklı özelliklerine değindikten sonra Hemin Mukrîyanî'nin (Kürdistan Cumhuriyeti 1946) ve (Jêkaf 1942-1945) dönemlerinde yayınlanan (Kürdistan Gazetesi 1959- 1963) gibi dönemin dergi ve gazete sayılarında yayınlanan şiirlerine ışık tutar. Bu doğrultuda söz konusu gazete ve dergilerde yayınlanan şiirleri daha sonra divandaki şiirleri ile kar-

1 Lêkoler, Barzan Kanabi TAHER, barzank.tahir@yahoo.com

şılaştırılmakta ve her birinin arasındaki farkı ortaya çıkarmaya çalışmaktadır. Bununla beraber şimdiye kadar yayınlanan divanlarında yer almayan 16 adet siiri de günyüzüne çıkarılmaktadır. Ayrıca yine divanında yer almayan ancak (Gizing 1972, Mamostay Kurd 1985-1986 ve Jîn 2009) gibi dergilerde yer alan 3 şiirine daha yer verilmektedir.

**Anahtar kelimeler:** Gazetecilik, Gazete, Dergi, Hemin Mukrîyani, Divan.

## Abstract

This research under the title of **(Poetry and Journalism with examples from poems of "Hemin Mukriani 1921- 1986")** which is a gateway to display the relation between literature and Kurdish journalism, particularly between poems and journalism, from this aspect after definition and display of the mutual and contradictory aspects between both types, it sheds light accurately on the published poems of "Hemin Mukriani "in all journals and magazines in the era of (Zhekaf) between (1942- 1945) and (Kurdistan Republic 1946), and(Kurdistan) journal between the of (1959 -1963) for this purpose in addition to the display of all the published poems in these journals and magazines then comparing them with the poem texts that are mentioned in his poem collections and showing all the differences between every poem texts and it displays (16) parts or poem text to the mentioned in all his printed poem collections which is not published up to now and to more display his poems which are not existing in his collections, three other poems are indicated to in (Gizng 1972, Mamostai Kurd 1985-1996, Zheen 2009) Magazines which were published but were not mentioned in his collections.

**Keywords:** Poetry, Journalism, Newspaper, Magazine, Hemin Mukriani, Poem collection.

## پێشەکی

ئەگەرچی شیعر و ڕۆژنامەگەریی دوو ژانری لەیەکتر جیاوازن و هەر یەکە و فۆڕم و میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە لە پەیوەندی و کاریگەری نێوانیان بەسەر یەکترەوە بەربەست نەبووە. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی مێژووی وێژە بە تایبەتی لە قۆناغی نوێ و هاوچەرخدا، بە مێژووی ڕۆژنامەگەرییەوە پەیوەستە. هەروەک لە تیشک خستنەسەری ژانرە وێژەییەکانی ئەم دوو قۆناغە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئامرازە ڕۆژنامەگەرییەکان بە تایبەتی ڕۆژنامە و کۆوارەکان، جگە لەوەی لە بزوین و گەشە و گۆڕانکاریی ژانرە وێژەییەکان ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە. هەروەها ناوەندێکی گرنگی ئەرشیفکردنی ئەو بەرهەمانەشن، کە لەلایەن وێژەوانانەوە خراونەتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش لە هەردوو ئاستی وێژە و ڕۆژنامەگەرییدا، بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوانیان،

لەم چوارچێوەیەشدا، شیعر وەک ژانرێکی ڕەسەنی ویژە، بە نموونەی شیعرەکانی (هێمن موکریانی ١٩٢١- ١٩٨٦ز)، کە لە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی سەردەمی (ژێکاف ١٩٤٢-١٩٤٥ز)، (کۆماری کوردستان ١٩٤٦ز) و ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٥٩- ١٩٦٣ز) بڵاوکراونەتەوە. پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ دەقەکانی نێو دیوانە چاپکراوەکانی و دەسنیشانکردنی ئەو پەیوەندی و جیاوازییانەی لە نێوانیاندا هەیە، بە تایبەتی ئەو دەقە شیعرییانەی لە دیوانەکانیدا نیین، یاخود بە شێوەیەکی بەرچاو دەستکاری کراون. شایانی ئاماژەیە، جگە لە چوارینەکان، سەرجەم ئەو پارچە شیعرانەی لە دیوانەکانیدا نیین، بەهۆی بەرتەنگی سنووری دیاریکراوی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە، تەنیا ئاماژە بە دێری سەرەتا و کۆتاییان کراوە.

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە: هۆی هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستا شیعرەکانی (هێمن موکریانی) لە چوارچێوەی پەیوەندی (شیعر و ڕۆژنامەگەریی)یدا، نەبۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت، کە لایەنێکی گرنگ و کاریگەری ئەزموونی شاعیریەتی ناوبراوە لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانیدا.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوە دایە، جگە لە خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگی پەیوەندی نێوان (شیعر و ڕۆژنامەگەریی)، بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی دەستنیشانی سەرجەم ئەو شیعرانەی (هێمن موکریانی) دەکات، بەر لە چاپکردنی دیوانەکانی لە ڕۆژنامە و کۆوارە ئاماژە پێ کراوەکان بڵاوکراونەتەوە. پاشان لەگەڵ دەقەکانی نێو دیوانەکانی بەراوردیان دەکات و پەیوەندی و جیاوازی نێوانیان دەردەخات. هەروەها خستنەڕووی نموونەی هەموو ئەو پارچە شیعرانەی تاکو ئێستا لە دیوانەکانیدا بڵاو نەکراونەتەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: بۆ دیاریکردنی سنووری لێکۆڵینەوەکە، لە چوارچێوەی ویژە و ڕۆژنامەگەرییدا، (شیعر و ڕۆژنامەگەریی، بە نموونەی شیعرەکانی "هێمن موکریانی١٩٢١- ١٩٨٦ز")، نموونەکان لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی سەردەمی (ژێکاف ١٩٤٢- ١٩٤٥ز)، (کۆماری کوردستان ١٩٤٦ز) و ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٥٩- ١٩٦٣ز)، دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی ویژە و ڕۆژنامەگەرییە، بە پشت بەستن بە ڕێبازی (وەسفی شیکاری، بەراوردکاری) لە شیعرەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارە دیاریکراوەکانی کۆڵیوەتەوە.

گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە: لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیارترین گرفت هاتبێتە پێشمان، نەبوونی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بوو، کە ویژە و ڕۆژنامەگەریی کوردی خستبێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بە تایبەتی لە چوارچێوەی شیعردا، هەروەها بەردەست نەبوونی سەرچاوە بە زمانانی تری وەک عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی گرفتێکی دیکە بوو. ئەوەی ئێمە بیزانیین کتێبخانەی کوردی لەم بارەیەوە هەژارە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە: ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پاشکۆیەکی ڕۆژنامە و کۆوارە بەکارهاتووەکان، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: ناوەڕۆکی ئەم بەشە لە: (شیعر و ڕۆژنامەگەریی ، شیعر و ڕۆژنامەگەریی کوردی، هێمن موکریانی و ڕۆژنامەگەریی) پێکدێت. لەم بەشەدا جگە لە وردبوونەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر

هەر یەکێکک لەم سەرەباسانە، لە سەرەباسی سێیەمدا، وەک دەروازەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند نموونەیەکی پێویست خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا کە سەرەباسەکانی: (هێمن موکریانی و سەرجەم شیعرەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکان، سێ کۆوار و سێ پارچە شیعری تری ناوبراو) لەخۆدەگرێت، بە وردی تیشک خراوەتە سەر هەرکێکیان و بەپێی ویستی لێکۆڵینەوەکە نموونەکان خراونەتەڕوو. لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا جگە لە خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکان، لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و سەرجەم ژمارەی ڕۆژنامە و کۆوارە وەرگیراوەکان، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم: أ- شیعر و ڕۆژنامەگەریی

هەرچەندە ویژە و ڕۆژنامەگەریی دوو ژانری لە یەکتر جودان و هەر یەکە و زمان و شێواز و ئاراستەی تایبەت بە خۆی لە پەیام گەیاندندا هەیە. لەبەر ئەوەی ویژە بە شێوەیەکی گشتی لە گوازارشت گەلێکی ڕەنگرێژکراوی بە سۆز و ئەندێشە ڕازاوەی بیری تاکەکەسەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەهۆی دەربڕینی جۆراوجۆرەوە بە بەراورد لەگەڵ دەقێکی تری ئاسایی هەڵگری گوزارشت و واتای فراوانترە، جا هەر دەقێکی ژانرەکانی ویژە بێت. [تيسير محمد الزيادات، ٢٠١٤، ١٤] بە تایبەتی شیعر، کە مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە و بۆیە وردتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، کە بە شێوەکی گشتی یەکێکە لە ژانرە کۆن و سەرەتاییەکانی مێژووی ویژەی میللەتانی جیهان، وەک هونەرێکی ڕەسەن و بنەڕەتی یەکێکە لەو ژانرانەی فرە پەیوەندە، کە ((شەپۆلێکی نهێنی گیانییە کزە بایێک یا خورپەیێک لە مێشکەوە هەڵی دەوقلێنێ و لە پێچ و پەنای دڵ و دەروون شنە دەکا، شیعر بینینی تایبەتیی وێنەی "بوون"ە چاوی شاعیر هەستی پێ دەکا. ئەمە ڕووداوە، ڕووداویش لە جێگە و کات پەیدا دەبێ لە پاشانا لە جێگە و کات دەچێتە دەرێ و دەبێ بە بوونێکی هەمیشەیی هەر و هەر بەکار دەهێنرێ و کۆن نابێ و لە کەڵکیش ناکەوێ.)) [مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥١] ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە، لە هەر دەقێکی تری ژانرەکانی ویژە جیاوازە. واتە (ئەو دەربڕینە ڕێکخراو و سەروادارەیە، پشت بە دەنگ و ئاوازێکی تایبەت و هاوپێچ بە وێنە و هەستێکی قووڵی وەرچەرخاوی ئەندێشەئامێزی کاریگەر و وروژێنەر دەبەستێت، کە پەیامی تایبەتی نێرەر بە وەرگرانی بۆ هەر سەردەمێکی دوای هاتنەکایەی دەگەیەنێت). [أنطوان نعمة - عصام مدور، ٢٠٠١، ٧٧٣] هەرچی ڕۆژنامەگەرییشە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەواڵ و وتار پێکدێت. هەواڵ، واتە هەواڵی ڕووداوەکان، زانیاری دەربارەی هۆکار و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی خێرا، بە دوور لە سۆز و ئەندێشە و هەستێکی تایبەتی تاکەکەسیی و ئاراستەکراو دەخاتەڕوو. [فاطمة محمد محجوب، ١٩٦٠، ٢٠٦] وتاریش، مەبەست لێی وتاری ڕۆژنامەگەرییە، بە هەمان زمان و شێوازەوە، هەڵوەستە لەسەر باسوخواسەکانی ڕۆژ و پێشهاتەکان دەکات، ڕوونکردنەوە و شیکرنەوەی بابەتییانە، دەربارەی دەرکەوتە و لێکەوتە جۆراجۆرەکانی دواترەوە، بۆ ڕای گشتی ناوەوە، یاخود دەرەوە، دەخاتە ڕوو. [Gayle Waldrop, ١٩٥٥, ٥٣]بۆ هەریەک لەمانەش پشت بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی هاوپێچ بە زانیاری و داتای ڕوون و ورد دەبەسترێت، دەربارەی ئەو ڕووداو و کێشە و ئاریشانەی بە شێوەیەکی گشتی لە هەر کات و شوێنێکی پەیوەست جەماوەر، دێنەکایەوە.[انتصار ابراهيم عبدالرزاق - صفد حسام الساموک، ٢٠١١، ١٠٤]

واتە ڕۆژنامەگەریی هەڵگری پەیامێکە لە ڕووی کات و شوێنەوە دیاریکراوە، لە کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵە.

کەواتە دەقە وێژەییەکان، بە تایبەتی شیعر هەمیشە لە چوارچێوەی سۆز و ئەندێشە و وێنەی تایبەتی، بە زمان و شێوازێکی بەرزی لە ئاست چینێکی دیاریکراو، دەخولێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی بە کارهێنانی بۆیەی هونەری بە شێوەیەکی بەرفراون، کە مەبەست لێی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی جوانکاری کراو نمایش دەکات. ئەمەش بە هۆی فەراهەمی ڕیزبەندە سینتاکسییەکان لە یاریکردن بە وشە بۆ نواندنی بیرۆکە لەچوارچیوەی وێنەدا بەدی دێت. واتە (زمان لە شیعردا ئامرازێکە هەردوو ئەرکی جوانکاریی و گواستنەوەی بیرۆکە دەبینێت). [نبیل حداد، ٢٠٠٢، ٩٤] کەچی دەقی ڕۆژنامەگەریی بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی گشتی هەواڵ و زانیارییە تازەکان دوور لە ڕەنگوبۆیە ڕەوانبێژییەکان، بە زمانێکی سادەی پوختەکراوی لە ئاست هەموو چینەکانی کۆمەڵ بە جەماوەر دەگەیەنێت. بۆیە زەقترین جیاوازی نێوان دەقێکی شیعری و دەقێکی ڕۆژنامەگەریی ئەوەیە، شاعیر لە پێناو مەبەستێکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکات. واتە ڕوانین و گوزارشتەکانی خودین و بەدەر لە سنوورێکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی پەیامێکی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی ڕەها و سوودبەخش و پەیوەست بە هەموو سەردەمێک، سەرچاوە دەگرن.

کەچی ڕۆژنامەنووس دوور لە بەرژەوەندی کەسیی و سوودی تایبەتی، لە پێناو گەیاندنی پەیامی گشتی ڕاپۆرتە هەواڵەکەی زانیارییەکان دەخاتەڕوو. واتە کەسێکی خودی نییە، تا ڕوانینەکانی لەژێر چاودێری خۆیەوە بێت، بەڵکوو بەرپرسیارە بە چاودێری کۆمەڵگا و لە ئەنجامی بینین و بەدواداچوون، لە بەرژەوەندی و سوودی کۆمەڵگاکەی، زانیاری و شیکردنەوە دەربارەی ڕووداو و هەواڵەکانی ڕۆژ بۆ ناوەوە و دەرەوە لە کاتێکی گونجاو دەخاتەڕوو. [بڕوانە: عبداللطيف حمزە،١٩٥٥، ٤-٥] کەواتە دەقە وێژەییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە خودەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە لە چوارچێوەی سۆز و وێژدان دایە و هەڵگری ناسنامەی کەسێتی داهێنەرە. دەقە رۆژنامەگەرییەکانیش لە کۆمەڵەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەریی بزاڤێکی ڕۆشنبیری فراوان و هەمەلایەنە، جگە لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە جۆراوجۆرەکان، لایەنی وێژەییش بە سەرجەم لقەکانییەوە، بە تایبەتی شیعر پانتاییەکی فراوانی تێدا گرتووە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەر لە سەرەتاوە دەرکەوتنی ڕۆژنامە لە ناو زۆربەی میللەتاندا (بە هاوکاری شاعیران و وێژەوانانەوە هاتۆتە کایەوە. بۆیە چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە، چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، لەژێر کاریگەرییان بەدەر نەبووە). [عناد اسماعيل الكبيسي، ١٩٧٢، ١٣٤] کەواتە هەر لە سەرەتاوە بۆ خێرا ناساندن و گەیاندنی دەنگی شاعیران و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانییان بۆ نێو چینەکانی کۆمەڵ سەکۆیەکی بەرزبووە. بۆیە ئاساییە گەر بوترێت، بەشێوەیەکی گشتی (گرنگترین ژانرە وێژەییەکانی وەك: "چیرۆک، شیعر، وتار" لە قۆناغی نوێ و هاوچەرخی وێژەیی گەلاندا لە ئامێزی ڕۆژنامەگەرییدا پێگەیشتووە). [عبداللطيف حمزە، ١٩٥٥، ٢] بە پێچەوانەشەوە کاریگەری بەرچاویشی لە کێشکردنی سەرنجی خوێنەران و برەودانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە گەیاندنی پەیامە هەمەلایەنەکانی ترەوە هەبووە. جگە لەوەش (زۆرجاران شیعرێک لە گوزارشتی ڕووداوێک، یان دیاردەیەک، یان هێنانەکایە و پەرەپێدانی بیر و بۆچوونێکی تازەوە، لە وتارێک کاریگەری زیاتری نواندووە. ئەمەش وایکردووە، وێژە و ڕۆژنامەگەریی هەمیشە لێکدانەبڕاو بن و هاوتەریب بەسەر یەکەوە کاریگەربن، لە برەودان و پێشکەوتنی یەکترییەوە). [منير بكر، ١٩٦٩، ٢٢٤] لە لایەکی دیکەشەوە لە قۆناغبڕی و هێنانەکایە و برەودانی ڕێباز و هزرە وێژەییە تازەکان و ڕەخنە و پێشنیازەکانی لەم بارەوە، ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەریی لە گەیاندنی کۆکڕایی و ناکۆکڕایی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان

بە تایبەتی لە قۆناغەکانی وێژەی نوێ و هاوچەرخدا بینیوە. هەروەها وەک ناوەندێکی گرنگی تۆمار و ئەرشیفکردنی سەرجەم بەرهەمە هەمەلایەنە بڵاوکراوەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیوە. بۆیە ئامرازە ڕۆژنامەگەرییەکان بە گشتی هەمیشە سەرچاوەی گرنگی مێژوون و مێژووی ژانرە وێژەییەکانیش وەک لایەنێکی بایەخداری گەشە و گۆڕانەکانی قۆناغە جیاجیاکان شوێنی خۆیان تێدا گرتووە. ئەمەش وای کردووە، پەیوەندی نێوان وێژە و ڕۆژنامەگەریی پەیوەندییەکی بتەو و نەپساوە بێ و لە یەکتر جودا نەبنەوە، هەر وەک هەر یەکێک لە ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەریی مێژووی قۆناغ و سەردەمەکەی لە خۆگرتووە. [دلێر محمدامین محمد، ١٩٩٩، ١٤] کەواتە هەر لە سەرەتاوە ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەریی، چ لە ئاستی گەیاندنی دەقەکانی ژانرە وێژەییەکان و ناساندنی وێژەوانان و شاعیران، چ لە ئاستی گۆڕانکارییە هەمەلایەنە وێژەییەکان، بە تایبەتی شیعر، هەمیشە ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە.

### ب- شیعر و رۆژنامەگەریی کوردی

سەبارەت بە شیعر و ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەمین ئامرازی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە (ڕۆژنامەی "کوردستان"ە، وەک ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی وێژەیی یەکەمین ژمارەی لە (٢٢-٤-١٨٩٨ز) لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان بەگ) لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر بڵاوکراوەتەوە). [عەلائەدین سەجادی، ٢٠١٢، ٥٨٦] شایانی ئاماژەیە، زمانی کوردی تا دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە، تەنیا زمانی گفتوگۆ و شیعر بووە، نەک بوارە هەمەلایەنەکانی تری نووسین. بۆیە هاتنەکایەی ئەم ڕۆژنامەیە، جگە لە بوارە ڕۆژنامەگەرییەکەی لە بارەی مێژووییشەوە بۆ زمان و وێژەی کوردی گرنگی و بایەخێکی تایبەتی هەیە. [کەمال فواد، ١٩٧٢، ١] چونکە هەر لەم کاتە بە دواوە زمان و وێژەی کوردی، چوارچێوە و قۆناغێکی تری بە خۆیەوە بینیوە. ئەمەش نەک هەر لای کورد، بەڵکوو لەسەر ئاستی میللەتانی جیهان بە گشتی بۆ بڵاوبوونەوە و جموجۆڵ و گەشانەوەی بەرهەمە وێژەییەکان، ڕۆژنامە هەمیشە سەکۆیەکی کاریگەر بووە. [عەزیز گەردی، ١٩٨٧، ٩] لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەدا، وەک سەرەتای ڕۆژنامەگەریی زۆربەی میللەتان، دەستەیەک لە نووسەران و شاعیران هاوکاربوونە. هەروەها لە ناوەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیەدا، لە تەک بابەتەکانی وتاری کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ڕامیاری و دەنگوباس، شیعر ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەتی شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی١٦٥٠-١٧٠٦ز) و (حاجی قادری کۆیی١٨١٧-١٨٩٧ز). [عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٠، ٦٠] هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە بوو بە دەسپێکێک بۆ بەدوا داهاتنی چەندان رۆژنامە و کۆواری تری کوردی پەیوەست بە وێژەوە. وەک ڕۆژنامەکانی: (کورد ١٩٠٨ز، کوردستان ١٩٠٨ز، تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨ز ، پێشکەوتن ١٩١٩ز، بانگی کوردستان١٩٢٢ز....هتد) و کۆوارەکانی: (ڕۆژی کورد ١٩١١ز، کوردستان ١٩١٢ز، هەتاوی کورد ١٩١٣ز، بانگی کورد ١٩١٤، زاری کرمانجی ١٩٢٦ز، دیاریی کوردستان ١٩٢٥ز....هتد). جگە لەوەش هەر خودی (داهێنان و بەکارهێنانی زاراوەی (ڕۆژنامە) لە بری (غەزەتە، قەزەتە و گازێتا) ی ئەوروپایی و تورکی و (جریدة) عەرەبی، دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری گەورەی کورد (حاجی قادری کۆیی١٨١٧- ١٨٩٧ز) کە لە دێرە شیعرێکیدا دەڵێت:

سەد قائیمە و قەسیدە، کەس نایکڕێ بە پوولێ

ڕۆژنامە و جەریدە، کەوتوونەتە قیمەت و شان) [جەمال خەزنەدار، ٢٠١١، ٢١]

هەروەها هێنانەکایەی زاراوەی (کۆوار)یش، لە بری (مەگەزین)ی ئینگلیزی و (مجلة)ی عرەبی، لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی ١٨٩٣- ١٩٤٧ز) خاوەن و سەرنووسەری کۆواری (زاری کرمانجی ١٩٢٦- ١٩٣٢ز) داهێنراوە و بەکارهاتووە. [جەمال خەزنەدار، ٢٠١٦، ١٧-١٨] ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتاوە، نەوەک هەر ئامرازێک بووە بۆ گەیاندنی شیعر و ئاشناکردنی شاعیران بە جەماوەر، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی ئەو بنووسانەی لە نووسینی بابەتە هەمەلایەنە رۆژنامەوانییەکان بەژدارییان کردووە، زیاتر وێژەوان و شاعیرانی سەردەمی خۆیان بوونە. واتە زیاتر لەژێر کاریگەری و هەژموونی ئەم چینانەوە بووە، (نەک پسپۆڕ و کادیری بواری رۆژنامەنووسییەوە. هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی ناوەند و دەزگای ئەکادیمی تایبەت بە بوارەکەوە بۆ بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی رۆژنامەنووسی شارەزا و ئەکادیمی دەگەڕێتەوە). [سەباح موسا، ٢٠١٤، ٢٢٣] بۆیە زمانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەوسا کەوتۆتە ژێر کاریگەری وێژەیی و تەنانەت نووسینە سیاسییەکانیش لەم کاریگەرییە بەدەر نیین و شێوازی وێژەییان بەسەردا زاڵە. [عەزیز گەردی، ١٩٨٧، ١٠] کەواتە زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە قۆناغەکانی پێشوودا، بە شێوەیەکی گشتی زیاتر زمانێکی وێژەیی هاوپێچ بە وشە و دەستەواژەی ئەندێشەیی و خوازەیی و شیعرئامێزە، لەبەر ئەوەی هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، هۆیەکەی بۆ نەبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کەسانی شارەزا لە پێشتردا دەگەڕێتەوە. ئەمەش وەک دیاردەیەک لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی جیهانی بە گشتی بەرچاو دەکەوێت. واتە (ئەم دیاردەیە هەر بە تەنیا ڕۆژنامەی (کوردستان)، یاخود چەند ڕۆژنامەیەک ناگرێتەوە، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە، تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە بەدەیان ڕۆژنامە و کۆوار بڵاوکراونەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی وێژەوان و شاعیران بەڕێوەیان بردووە). Z[هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ١٩٦] ئەمەش بە هۆکاری سەرەکی پەرەپێدان و برەودانی ژانرە وێژەییەکان دادەنرێت. وەک لە (کۆواری (ڕۆژی کورد ١٩١٣ز)، کە (٣) ژمارەی لە ئەستەمبۆڵ بڵاو کراوەتەوە، دەردەکەوێت، ئەو (چیرۆک)ەی (فوادی تەمۆ) لە ژمارە (١-٢) بڵاویکردۆتەوە، بە سەرەتای چیرۆکی کوردی دادەنرێت). [عەزیز گەردی، ١٩٨٧، ١٠] هەروەها هەر (لەم (٣) ژمارەیەدا شیعری (نالی ١٨٠٠- ١٨٧٧ز، حاجی قادری کۆیی١٨١٧ -١٨٩٧ز، شێخ ڕەزا ١٨٣٥- ١٩٠٩ز، ئەحمەدی خانی١٦٥١-١٧٠٧ز) بڵاوکراوەتەوە). [جەمال خەزنەدار، ١٩٨١، ٢٩- ١١٥] کەواتە شیعریش وەک ژانرێکی سەرەکی وێژە لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و گرنگی پێدانی، هەمیشە ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەرچاوی هەبووە. وەک ئاشکرایە، لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا لاپەڕەیەک، یاخود چەند لاپەڕەیەک بۆ بڵاو کردنەوەی شیعری شاعیرانی پێشتر و سەردەم تەرخان کراوە، (بە تایبەتی شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەستی نیشتمانی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ لە پێناو مافی ڕەوای گەل، بەردەوام بوێرانە لە تێکۆشاندا بن). [کوردستان موکریانی، ٢٠٠٢، ١٩] کەواتە بە سەرنجدان لە ئامرازە ڕۆژنامەگەرییەکانی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەکی زەق ئەوە دەردەکەوێت، کە وێژە و ڕۆژنامەگەریی کاریگەری بەرامبەرییان بەسەر یەکەوە هەبووە و بە شێوەیەک ئاوێزانی یەکتر بوونە، (ئەستەمە بەدەر لە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕەوتی جولانەوەی ڕۆژنامەگەریی، بە وردی لە جولانەوەی وێژەی نوێ و هاوچەرخمان بگەین. وەک دەگوترێت، وێژە و ڕۆژنامەگەریی وەک دووانەکی یەک پزدانن و لەیەک دابڕ ناکرێن). [مەحموود زامدار، ١٩٨٧، ٢٣٢] بۆیە کاتێک تیشک دەخرێتە سەر مێژووی گەشە و برەوی وێژە بە گشتی و بە تایبەتی شیعر، ناتوانرێت ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەریی فەرامۆش بکرێت. لەبەر ئەوەی وەک دوو

ژانری هاوپێچ بە یەکەوە، (لەڕووی مێژووییەوە ویژەوانانی کورد هەمیشە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردییدا، کاری ڕۆژنامەگەریی هاوتەریبی کاری ویژەوانان بووە، لە هەمان کاتیشدا ئامرازە ڕۆژنامەگەرییەکان هەمیشە لە پێشکەوتن و گەشە و برەوی ژانرە ویژەییەکان ڕێگەخۆشکەر بوونە).[ئەرسەلان باییز ئیسماعیل، ٢٠١٣، ٥٨] بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، هاوتەریب شاعیران هەم لەم گەشە و برەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، هەم بۆ دەرکەوتن و ئاشنابوونیشیان بە جەماوەر خێراترین ئامرازی گەیەنەر بوونە.

یەکێکک لەم شاعیرانە، مامۆستا (هێمن موکریانی ١٩٢١- ١٩٨٦ز)یە، کە ناوی تەواوی (سەید موحەممەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری)یە. کات و شوێنی لە دایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢١ز) لە گوندی لاچینی سەر بە شارۆچکەی مەهاباد. وەک زۆربەی خوێندەواران و شاعیرانی سەردەمی خۆی، سەرەتای خوێندنی لە حوجرە و خانەقاوە بووە. لە خوێندنگای میریشدا، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە. ناسناوە شیعرییەکەی (هێمن) لەوەوە هاتووە، کاتێ وەک (٥٥) ەمین ئەندام پەیوەندی بە کۆمەڵەی (ژێکاف ١٩٤٢- ١٩٤٥ز) ەوە دەکات و لەلایەن سەرپەرشتیارانی ئەم کۆمەڵەوە، ناوی نهێنی (هێمن)ی بۆ هەڵدەبژێرن و پاشان هەر ئەم ناوە دەبێتە ناسناوی شاعیریشی. [بڕوانە: هێمن موکریانی، ١٩٧٤، ٣- ٢٠] لەوە بە دواوە ئەم ناوە (هێمن موکریانی)، هەر زوو سنووری دەڤەرەکەی دەبەزێنێت و بە هەموو وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە و وەک شاعیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەردەکەوێت.

### تەوەرەی دووەم: هێمن موکریانی و ڕۆژنامەگەریی

(هێمن موکریانی) هەر لە سەرەتای ئەزموونی شاعیرییەوە، شیعرەکانی بەهۆی ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بوونەتەوە و لە نێو جەماوەردا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەبووە. شایانی ئاماژەیە، ئەو خێرا دەرکەوتن و ئاشنابوونەی بە جەماوەر و ویژەدۆستان، بە تایبەتی لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، تا ساڵی (١٩٧٤ز) و چاپکردنی یەکەمین بەرهەمە شیعری بە ناونیشانی (تاریک و ڕوون)، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی تەنیا بە هۆی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو سەردەمەوە بووە. بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکانی سەردەمی (ژێکاف ١٩٤٢-١٩٤٥ز) و (کۆماری کوردستان ١٩٤٦ز)ەوە، بڵاو دەکرانەوە، هەروەک لە سەرجەم ڕۆژنامە و کۆوارەکانی ئەو سەردەمە، وەک: ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٤٦ز) و کۆوارەکانی: (نیشتمان ١٩٤٣- ١٩٤٤ز، ئاوات ١٩٤٥ز، هاواری کورد١٩٤٥ز، کوردستان ١٩٤٥- ١٩٤٦ز، هاواری نیشتمان ١٩٤٦ز، هەڵاڵە ١٩٤٦ز، گڕوگاڵی منداڵانی کورد ١٩٤٦ز). شیعر و وتاری تێدا بڵاو کردوونەتەوە. لەم بارەیەوە هەر وەک خۆی لە نووسینێکیدا، بە ناونیشانی (ئەزموونی شاعیریم) تیشک دەخاتە سەر ئەوە، کە یەکەمین شیعری، شیعرێکی سیاسییە و بە ناوێکی خواستراوەوە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کردۆتەوە. پاشان هەر لە درێژەی ئەم نووسینەیدا ئاماژە بەوەش دەکات، کە دووەمین شیعری لە ساڵی (١٩٤٣ز) لە ژمارە (٢)ی کۆواری (نیشتمان١٩٤٣-١٩٤٤ز)دا بڵاو کردۆتەوە.[هێمن موکریانی، ١٩٨٣، ١٩٣] شایانی ئاماژەیە، سەبارەت بە یەکەمین شیعری بڵاوکراوەی، تەنیا ئاماژەی بە ناوی کۆوارەکە و ناوەرۆکی شیعرەکە کردووە، کە شیعرێکی سیاسییە. واتە هیچ ئاماژەیەکی بە ناونیشانی شیعرەکە و ناوە خواستراوەکە و ژمارەی کۆوارەکە نەکردووە. بۆیە لە سەرجەم ژمارەکانی ئەم کۆوارە نەمانتوانی ئەم شیعرە دەستنیشان بکەین، کە

یەکەمین شیعری ناوبراوە. هەروەها سەبارەت بە دووەمین شیعریشی، هەر چەندە لەم نووسینەی ئاماژەی بە ناو و ناونیشان نەداوە، بەڵام هەروەک لە ژمارە (٢)ی کۆواری نیشتمان دەردەکەوێت، دوو شیعری تێدا بڵاو کراوەتەوە، یەکەمیان شیعرێکی حەوت دێری بێ ناونیشانە و بە ناسناوی (م.ش.هێمن) و دووەمیان شیعرێکی (٩) دێری بە ناویشانی (کوردمو....) و بە هەمان ناسناوەوەیە. [م.ش.هێمن، ١٩٤٣، ١٣-١٧] بەڵام دواتر هەردوو شیعرەکە، یەکەمیان بە ناونیشانی (مەحکەمەی ئیستیقلال) و دووەمیان بە هەمان ناونیشانی پێشوو لە (دیوانی هێمن)دا جارێکیتر بڵاو کراونەتەوە. [هێمن موکریانی، ٢٠١٢، ٢٨١، ٢٨٢] هەروەها نابێ ئەوەشمان بیر بچێت (هێمن موکریانی) هەر لە سەرەتاوە هەم لەبواری ڕاگەیاندن و هەم لە کایەی دەستە و کۆمەڵە ڕوناکبیرییەکاندا ڕۆڵ و ئامادەیی بەرچاوی هەبووە. وەک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونتر دەردەکەوێت:

- لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، لە بەشی ڕاگەیاندن کاری کردووە. کە جگە لە کۆواری «نیشتمان» سەرجەم ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی ئاماژەمان پێدان، لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا سەرپەرشتی کراون.[هێمن موکریانی، ١٩٧٤، ٢٤]

- لە ڕۆژنامەی (کوردستان، چاپی تاران، ١٩٥٩- ١٩٦٣ز)، کە (٢٠٩) ژمارەی لێ دەرچووە، چەندان شیعر و وتاری تێدا بڵاو کردوونەتەوە. [محەمەد حەمەباقی، ٢٠١٣،٤٣٨]

- لە کوردستان و عێراق، بەتایبەتی لە بەغدا لەساڵانی (١٩٧٠ز)ی بەدواوە بەژداری کارا و بەرچاوی لە کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندە وێژەی و ڕووناکبیرییەکانی وەکو، (یەکێکتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، دەزگای ڕۆشنبیری کوردی)یدا هەبووە و چەندان شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی ئەو کاتە بڵاو کردۆتەوە. لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران)، دەورەی سێیەم، لە (بەغدا ١٩٧١ز) ی بەدواوە، بەرپرسی بەشی وێژەیی بووە و چەندان شیعر و وتاری تێدا بڵاوکردۆتەوە. [عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ٣٤، ٣٥]

- کۆواری (سروە) ی دەرکردووە، کە کۆوارێکی مانگانەی فەرهەنگی، وێژەیی و کۆمەڵایەتی بووە و یەکەم ژمارەی لە بەهاری (١٩٨٥ز) ی لە شاری ورمێ دەرچووە، تا کۆچی دوایی لە نیسانی (١٩٨٦ز) سەرپەرشتی کۆوارەکەی کردووە. [مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، ٤٢٤]

لێرەدا بە سەرنجدان لەم زانیارییانەی خستمانە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، (هێمن موکریانی) هەر لەسەرەتای گەنجی و ئەزموونی شاعیرییەوە، بۆ گەیاندن و برەودانی مەبەست و پەیامەکانی سەکۆی ڕۆژنامەگەریی هەڵبژاردووە، کە زیاتر خۆیان لە شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی دەنوێنن. هەر بەم هۆیەشەوە وەک ناوێکی ئاشنا و دیار، ئاسا نووسین و شیعرەکانی بە نێو جەماوەردا بە شێوەیەکی وا خێرا بڵاوبێتەوە و ڕێز و پایەکی بەرز بە تایبەتی لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەستەبەر بکات، هەمیشە شیعرەکانی لە تەرازووی وێژەی کوردییدا، سەنگ و پێگەی بەرچاویان هەبێت و جگە لە جەماوەر و خوێنەری ئاسایی، لەلایەن وێژەوانان و شارەزایانیشەوە مایەی سەرنج و تێڕامان بێت بەشێوەیەکی هەمەلایەنانە تیشکی بخرێتەسەر و ئەنجامی جیاجیای لە بەرژەوەندی و پێشکەوتنی زیاتری وێژەی کوردی لێ هەڵبهێنجرێت و دەروازەی تازەش بۆ ڕامان و لێکۆڵینەوەی زیاتر و دەرخستنی ڕۆڵ و بەهای شیعرەکانی دەستنیشان یاخود فەراهەم بکات. ئێمەش هەر لەم سۆنگەیەوە تیشک دەخەینە سەر یەکێکک

لەم لایەنانەی کە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی ورد تیشکی نەخراوەتەسەر، کە بریتییە لەو شیعرانەی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاوکراونەتەوە. بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لە سەرجەم دیوانە چاپکراوەکانییدا نیین. هەروەها لەلایەکی تریشەوە هەڵوەستە دەکەین، بۆ دەرخستنی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان دەقە شیعرییەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکان و دیوانە چاپکراوەکانییدا بەدیدەکرێت. واتە جگە لە خستنەڕووی سەرجەم شیعرەکانی نێو ئەو ڕۆژنامە و کۆورانەی تیشکیان دەخەینەسەر، هەروەها لەگەڵ دەقەکانی نێو سەرجەم دیوانەکانیشی بەراوردییان دەکەین. ئەو دیوانانەشی لەبەر دەستمان دان، بریتین لە: (تاریک و ڕوون ١٩٧٤ز، ناڵەی جودایی١٩٧٩ز، بارگەی یاران ٢٠٠٦ز، دیوانی هێمن ٢٠١٢ز، سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشانەکانی مامۆستا هێمن٢٠١٧ز) . شایانی ئاماژەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم سەرچاوەیەی دوایی تازەترین بەرهەمی چاپکراوی ناوبراوە، بۆیە نموونە وەرگیراوەکانمان بە بەشە دیوانەکەیەوە، بەراورد کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش دوو هۆکاری سەرەکی بوون بە دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وەها لەم بارەیەوە:

یەکەم: شاعیر، لە دیدارێکیدا، کە لەلایەن (کۆڕاری مامۆستای کورد ١٩٨٥-١٩٩٦ز) ەوە لەگەڵیدا سازدراوە. لە وەڵامی پرسیارێک، سەبارەت بوونی سانسۆڕ لە کاتی چاپکردنی دیوانەکانییدا، بە تایبەتی لە دیوانی (تاریک و ڕوون)دا. لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوانە و نیگەرانییەوە، ئاماژە بە بوونی سانسۆڕی کەسیی و حیزبییەوە دەکات. [هێمن موکریانی، ١٩٩٢، ٣٨] ئەمەش وای کرد، بگەڕێینەوە سەر ئەو دەقە شیعرییانەی بەر لە چاپکردنی دیوانەکانی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

دووەم: بەهۆی بەدواداچوونمان، هەم لە کتێبی (پاشەڕۆک)، هەم لەو سەرچاوانەی لێکۆڵینەوە، یاخود وتاریان دەربارەی شاعیر نووسیوە. چەند پارچە شیعرێک، یان کۆپلەیەک، یان دێڕێکمان بەرچاو کەوت، کە لە هیچ یەکێک لە دیوانەکانییدا چاپ نەکراون. وەک لە خوارەوە ئاماژە بەو کتێب و سەرچاوانە دەدەین:

١- پاشەڕۆک: ناونیشانی کتێبێکە، دانراوی خودی شاعیرە، کە چەند بابەت و لێکۆڵینەوە و چیرۆکێک لەخۆ دەگرێت. هەروەها لە کۆتا بەشی ئەم کتێبە چەند شیعرێکی تازەی تێدایە و پاشان لە دیوانەکانی تری جارێکی تر بڵاو کراونەتەوە. بەڵام لە بەرگی دواوەی کتێبەکە، ئەم چوارینەیەی خوارەوەی تێدایە، کە لە دیوانەکەیدا بڵاونەکراوەتەوە. [هێمن موکریانی ، ١٩٨٣]

تاقەداری، کزی، پیری، عەوداڵ   دیمەنی، هێمنی هێنامە خەیاڵ

وەکو ئەو تاک و تەریک لەم لێژا   غەیری سوێرئاوی گڕاو نەیچێژا

٢- چریکەی چیا و سترانی شاعیران: کتێبێکە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (مەحموود زامدار)ە، کۆمەڵە شیعرێکی کۆکراوەی شاعیرانی کوردە. شیعرێکی (٤٣) دێری (هێمن موکریانی) تێدایە، بە ناونیشانی (مەزنی کورد)، کە لە دیوانەکەیدا نییە. لێرەدا لەبەر درێژی شیعرەکە، تەنیا ئاماژە بە دێری یەکەم و کۆتایی دەدەین:

١- لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند   مێشکی زوحاکی کوردکوژی پرژاند

٢- خوێنە داشتوویە داری ئازادی   هات بەدوای شینی ئێوە، شادی [مەحموود زامدار، ٢٠٠٣، ل٧٤-٧٨]

٣- بارزانی لە ویژدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا: بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە، کۆکراوەی کۆمەڵە شیعرێکی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (حەسەنی دانیشفەڕ)ە. شیعرێکی بێ ناونیشانی (هێمن موکریانی) تێدایە، کە لە (١٨) دێڕ پێکدێت و لە دیوانەکەیدا نییە. یەکەم دێڕ و کۆتا دێڕی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- وێنەکەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من

سارێژ بوو زامی کۆن و برینی هەناوی من

٢- تاکوو قەڵەم بڕشتی هەبێ هەر دەکەم خەبات

تاکوو قەدەم بڕستی هەبێ دێم بەرەو نەجات [حەسەنی دانیشفەڕ، ٢٠٠٣، ٧١]

لە بارەی ئەم شیعرەوە (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) لە دیمانەیەکدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە کاتی خۆی (هێمن) وێنەیەکی (بارزانی) بە دەست گەیشتووە و ئەم شیعرەی لە بارەوە نووسیوە. هەروەها هەر لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتەسەر شیعرێکی تری لەم بارەوە بە ناونیشانی (کاوەی مەزن)، کە مەبەست لێی ئەو شیعرەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە (چریکەی چیا و سترانی شاعیران)، بە ناونیشانی (مەزنی کورد) بڵاو کراوەتەوە و بۆ هەر یەکێکیشیان ئاماژە بە چەند دێڕێک دەکات. جگە لەمانەش جیاوازی نێوان چەند دەقە شیعرێکی نێو ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆمار و سەرجەم دیوانەکانی دەخاتەڕوو. [خالید محەمەدزادە، ٢٠١٣]

٤- هێمن دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی: کتێبێکە لە نووسینی (د. عوسمان دەشتی)یە، کە لە بنەڕەتدا ماستەر نامەکەیەتی. لە بەرگی دواوەی ئەم کتێبەدا بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک بکا، شیعرێکی چواردێڕی تێدایە، بە ناونیشانی (دوژمنی جوان)، کە لە هیچ یەکێک لە دیوانەکەیدا نییە، ئەمەی خوارەوە دێڕی یەکەم و کۆتاکەیەتی:

١- لە نێو گوڵان دانیشت و ونبوو لە من        ئەم گوڵانەم لێ بوونە دێو و دوژمن

٢- ئەم دەسووتێ، ئەو دەناڵێ و بڕاوە        من دەمێنم، من تووشی دەرد و ژانم [عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩]

٥- هێمن و بۆنی غەریبی: کتێبێکە لە نووسینی (محەمەد فەریق حەسەن)، لەم کتێبەدا نووسەر لە گێڕانەوەیەکدا، بە ناونیشانی ((کفتوگۆیەک لەگەڵ هێمنی موکریانیدا))، لە ڕێکەوتی ٦-٧-١٩٧٦ز لە (یانەی مامۆستایانی سلێمانی). دەڵێت: (لە بارەی شیعر گوتن بۆ (ئومەم) ئەم دوو کۆپلە شیعرەی (بۆ جەزائیر و بۆ کۆریا)ی لەبەر بۆ وتم، کە لە هیچ کام لە دیوانەکانیدا نیین و بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- بۆ جەزائیر

ئەو گەلەی کیژی وەک جەمیلەی بێ

کە نەترسا لە بەند و حەبس و دار

جا چلۆن نا بەزێنێ زۆرداریی

جا چلۆن نا تەزێنێ ئیستیعمار؟

٢- بۆ کۆریا
بۆم مەنێرە گوێدرێژی مانگر و کورتانی خوار
لێرە هێلکەم وێ مەدە و بۆمبا لەوێ ماوێرە خوار
لەو پەڕی دنیاوە دێیتە ئەو وڵاتە چی دەکەی؟
لۆردی ئەوڕوپا ئەتۆ لەو وڵاتە چی دەکەی؟) [محەمەد فەریق حەسەن، ٢٠٠٨، ٦٩،٧٠]

٦- سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی: لە نووسینی (حەمەسالّح فەرهادی)یە، لەم کتێبەدا نووسەر ئاماژە بە چەند دێرێکی شیعری (دەسکەوتی خەبات) دەکات، کە پێشتر لە دیوانی (تاریک و ڕوون)دا بڵاو کراونەتەوە. بەڵام ئەم دێرەی خوارەوە وەک خۆشی ئاماژەی پێدەدا، لە دیوانەکەیدا نییە و بەڵکوو لە (گەشتی ژیانم)ی (مەسعوود محەمەد)دا وەریگرتووە.

کە شیعری تۆ نەبایە هاندەری کورد ئەوێستا چۆڵ و هۆڵ بوو سەنگەری کورد
[حەمەسالّح فەرهادی، ٢٠٠٦، ٥١]

٧- بە یادی مام هێمن: نووسینێکی (د.فەرهاد شاکەڵی)یە، لە (چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز)دا بڵاوکراوەتەوە. نووسەر جگە لەوەی هەر لە زاری (هێمن موکریانی)یەوە، جیاوازی نێوان ئەم دوو دێرەی خوارەوە دەخاتە ڕوو، کە دێری یەکەمیان لە شیعری (ناڵەی جودایی) بڵاو کراوەتەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا دێری دووەم ڕاستەکەیەتی و دێری یەکەم دەستکاری کراوە.

١- ئەو کەسەی خواردی و لەبن سێبەر ڕما شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما
٢- ئەو کەسەی خواردی و لەبن سێبەر کەوت شەو لە بۆ کەیفێ لە ماڵێ دەرکەوت

هەروەها لە درێژەی نووسینەکەیدا ئاماژە بەم دێرە شیعرەی خوارەوە دەکات، کە بۆ شەهید بوونی (شێخ نووری) نووسیویەتی و لە دیوانەکەیدا بڵاو نەکراوەتەوە.

- نالی لە کوێی ببینی کە پاتەختی شارەزوور
ئەستێرەکانی ڕادەکشێن وەک شەهابی نوور [مامۆستا هێمن، ١٩٩٩، ١٧٨، ١٧٩]

٨- هەڵبەستی سووڕی دەوران: نامیلکەیەکە لەلایەن (فاروق فەرهاد) ئامادە کراوە، بریتییە لە چیرۆکە شیعری (سووڕی دەوران). هەر چەندە ئەم شیعرە پێشووتر لە ساڵی (١٩٧٩ز) لە دیوانی (ناڵەی جودایی)دا، ڕێکەوتی (١٩٧٨ز) لەسەرە و (٣١٦) دێر لەخۆ دەگرێت ، پاشانیش لە سەرجەم دیوانەکانیدا بە هەمان شێوە بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بە بەراورد لەگەڵ دەقەکەی نێو ئەم نامیلکەیە، جگە لە شوێنگۆڕکێی چەندان دێر و جیاوازی وشەیی، کرتاندنی چەند دێرێکیش بەدی دەکرێت. [بڕوانە: فاروق فەرهاد، ٢٠١٧] شایانی ئاماژەیە، دەقەکەی نێو ئەم نامیلکەیە، لە بنەڕەتدا تۆمارێکی دەنگی خودی (هێمن موکریانی)یە. هەروەک دوای خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە، کە (٣٣٤) دێرە و لە کۆتاییدا جگە

ئاماژەدان بە ڕێکەوتی تۆمارەکە، کە لە (١-٢-١٩٧٧ز)یە، هەروەها ئاماژە بە ناوی کەسێک دەکات، بە ناوی (براژنە خەجیج)، کە ئەو تۆمارە دەنگییەی پێشکەش کردووە. [مەڵبەندی هونەریی ماملێ، ٢٠٢٠] بەمەش جیاوازی نێوان هەردوو دەقەکە، واتە دەقی نێو تۆمارە دەنگییەکە و دەقی نێو دیوانەکانی، لەڕووی ناوەڕۆک و ژمارەی دێرەکان و ڕێکەوتی نووسینیان ڕوونتر دەردەکەوێت. لەڕووی جێگۆڕکێ و جیاوازی وشەییەوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت، ئەم دوو دێرە لەسەرجەم دیوانەکانییدا، ئاوا هاتووە:

١- لەبارێ، نازەنینێ، کوڵمە ئاڵێ　　نیگارێ، دڵ ڕفێنێ، چاو کەژاڵێ

٢- لە سوێی ئەو شۆخە ئۆقرەی لێ بڕا بوو　　لە ژیندا ژان و ئێشی پێ بڕابوو

کەچی لە تۆمارە دەنگییەکە ئاوایان دەخوێنێتەوە:

١- نیگارێک، دڵ ڕفێنێک، کوڵمە ئاڵێک　　لەبارێک، نازەنینێک، چاو کەژاڵێک

٢- لە ژیندا ژان و ئێشی پێ بڕابوو　　لە سوێی ئەو شۆخە ئۆقرەی لێ بڕا بوو

هەروەها ئەو دێرانەشی لە سەرجەم دیوانەکانیدا نیین، ژمارەیان (١٨) دێرە، کە بریتین لە دێرەکانی ژمارە: (٤٥، ٥٩، ٧١، ٨٣، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١١٨، ١١٩، ١٢٦، ١٣٧، ١٤٤، ١٤٦، ١٤٨، ٢١٨، ٢٥٥، ٣٢٠، ٣٢٥) شایانی ئاماژەیە دانانی ژمارەی دێرەکان بە پێی ریزبەندی دەقی تۆمارە دەنگییەکە دانراون. لێرەدا بەهۆی زۆرییانەوە، تەنیا ئاماژە بە یەکەم و کۆتا دێر دەکەین. واتە دێرەکانی (٤٥) و (٣٢٥)، کە ئەمانەن:

١- لە کوێ بیزا لەدەم خوێڵێنی دەڕوێ　　لە کوێ نێرگز لە ڕۆژێدا دەپشکوێ

٢- کرێکار ڕاپەڕێ نامێنێ میرێ　　زوڵم شیپانەکەی بە قوڕێ دەگیرێ

شایانی ئاماژەیە ئەم چیرۆکە شیعرە یەکێککە لە شاکارەکانی شاعیر و سەرچاوەی ئەم کارە وێژەییە لە بەیتی فۆلکلۆری میللیدا هاتووە. واتە دەچێتە ناو وێژەی میللی نووسراوەوە. [مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ٤٦٣] هەروەها درێژترین شیعریەتی و بەم شێوەیەش بۆ کەسێکی دیاریکراو بە تۆمارکراوی پێشکەشی کردبێت.

بەشی دووەم

تەوەرەی یەکەم: (هێمن موکریانی) و سەرجەم شیعرەکانی نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکان:

هەر وەک لە بەشی یەکەمدا، ئاماژەمان پێدا، کە (هێمن موکریانی) یەکەمین شیعری بە ناوێکی خواستراوەوە لە کۆواری (گەلاوێژ)دا بڵاو کردۆتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دوای گەڕان و پشکنینێکی وردی سەرجەم ژمارەکانی ئەم کۆوارە، هیچ شیعرێکمان بەدی نەکرد، تا بتوانین بیسەلمێنین، شیعری ناوبراوە. بەڵام سەبارەت بەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی ئاماژەمان پێدا بوون، کە شیعری ئەویان بڵاو کردۆتەوە. ئاماژە بە سەرجەمیان دەدەین و هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لە دیوانەکانیدا نیین،

یاخود لەگەڵ دەقەکانی نێو دیوانەکانیدا جیاوازییان هەیە. هەروەها جگە لەوەش لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوونمان لە چەند کۆوارێکدا، تاک و تەرا چەند دەقە شیعرێکی تریشمان دەسکەوت، کە لەسەرجەم دیوانەکانیدا بڵاو نەکراونەتەوە و دواتر لەگەڵ دەقەکانی تری نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکانی تر بەپێی مێژووی بڵاو کردنەوەیان ئاماژەیان پێدەدەین. واتە مێژووی بڵاوکردنەوەی شیعرەکان ڕیزبەندی ڕۆژنامە و کۆوارەکان دیاری دەکەن. کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: کۆواری نیشتمان (١٩٤٣- ١٩٤٤ز): کۆوارێکی مانگانەی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ویژەیی بووە و وەک زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژێکاف)، یەکەمین ژمارەی (تەمموزی ١٩٤٣ز) دەرچووە.[هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ٥٨] هەرچەندە سەرچاوەی نووسین و بڵاوکردنەوەی لە (مەهاباد) بووە، بەڵام لە «تەورێز» بە نهێنی چاپکراوە. جگە لە ژمارە (٣، ٤) کە بەیەکەوە دەرچووە. کۆتا ژمارەشی، کە دەکاتە ژمارە (٧، ٨، ٩)ی بەسەریەکەوە لە (مایسی ١٩٤٤ز) دەرچووە.[کەمال مەزهەر ئەحمەد، ١٩٧٨، ٢٣]هەروەها دوای نەمانی کۆماری کوردستان ژمارە (١٠)ی لە ساڵی (١٩٤٨ز) لە شاری (شاربازێر) دەرچووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لەسەر (نیشتمان) هەژمار ناکرێت، چونکە پاش نەمانی کۆمەڵەی (ژێکاف) بووە.[جەمال نەبەز، ١٩٨٥، ٨٥، ٨٧] کەواتە ئەم کۆوارە وەک زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژێکاف)، تەنیا (٩) ژمارەی لێ دەرچووە، لە (٧) ژمارەیاندا شیعری (هێمن موکریانی) تێدا بڵاوکراوەتەوە. کە ئەمانەن:

١- ژمارە (٢)، ل١٣: شیعرێکی بێ ناونیشان. هەروەها شیعرێکی تری بە ناونیشانی (کوردمو....)، ل١٩. تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم دوو شیعرە یەکەمیان بە ناونیشانی (مەحکەمەی ئیسیقلال). دووەمیان بە هەمان ناونیشانەوە لە دیوانەکەیدا، ل٢٦٧، ٢٦٨، بڵاوکراوەتەوە.

٢- ژمارە (٣، ٤)، ل٢٣-٢٤: شیعری (ئاخافتنی خوشک و برا). لە (١٢) دێر پێکدێت، بەڵام لە دیوانەکەیدا، بە ناونیشانی (وتووێژی کچ و کوڕ، ل٧٨)، (١٠) دێرە و دێرەکانی (٦، ١١) تێدا نین و ئەمانەن:

١- تێکۆشە بۆ خۆت تاکوو سەربەست بی — عەیبە لەبۆ تۆ دیل و ژێردەست بی

٢- لە ڕێی نیشتمان بە هیوای خودا — خەریکی کار ببن با خوشک و برا

٣- ژمارە (٥)، ل١٦: شیعری (قەڵای نیشتمان). (٩) دێرە و لە دیوانەکەیدا (ل٩٠)، (٧) دێرە و دێرەکانی (٤، ٨)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- ئەتۆ نادەم بە جەننەت مستعیدە — لە بۆ نشێو و تمام ئاو و هەوای تۆ

٢- بووە یەزدانی بێ چوون لاگری من — وتی ئەی نیشتمان گرتوومە لای تۆ

٤- ژمارە (٧، ٨، ٩)، ل٢٠: شیعری (کوردە گیان). لە دیوانەکەیدا (ل٤١٣) وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام هەر لەو ژمارەیە لە (ل٢١-٢٢)دا شیعرێکی تری (١٥) دێری بە ناونیشانی (خەونم دیت) بڵاوکراوەتەوە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە دێری یەکەم و کۆتایەتی:

١- دوێ شەوێ هاتە خەونم دایکی وەتەن جلێکی ڕەشی

بوو لەبەردا — وەکوو گوڵ وا بوو بە لاڕووی گەشی
٢- کوردە: ئاخر بەسە ئەو بەندەگییە
مەرگ زۆر خۆشترە لەو زیندەگییە

دووەم: کۆواری ئاوات (١٩٤٥ز): کۆوارێکی ویژەیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بووە. یەکەمین ژمارەی لە (٢٢-١٠-١٩٤٥ز) بڵاوکراوەتەوە. [عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٠، ١٢٩] ئەم کۆوارە هەر چەندە نیاز وا بووە دوو هەفتە جارێک بڵاو بکرێتەوە، بەڵام تەنیا یەک ژمارەی لێ دەر چووە و سەر نووسەرەکەشی (محمد اذر) بووە. [هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ٦٨] لەم ژمارەشدا شیعرێکی (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

١- ژمارە (١)، ل١٤، شیعری (کچە لادێی)، (١٧) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٩٦، (١٥) دێرە و بە ناونیشانی (کیژی لادێ) بڵاو کراوەتەوە، کە دێرەکانی (٦، ١١) ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- گەردەنت وەکو مینای بلوورە بێ ڕۆژ و ماتیک لێوی تۆ سوورە
٢- بێ فڕ و فێڵ و پاک و خاوێنی کچێکی وەک تۆ، پاکە داوێنی

سێیەم: کۆواری هاواری کورد (١٩٤٥ز): (یەکەمین ژمارەی لە (ڕەزبەری ١٣٢٤) بەرامبەر (ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ز) دەرچووە. بە درێژکراوەی کۆواری نیشتمان دادەنرێت و زیاتر کۆوارێکی ویژەیی بووە. لە مەهاباد چاپ و بڵاوکراوەتەوە و سەرنووسەرەکەی (سەید محەمەد حەمیدی) بووە). [هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ٧١] لەم ژمارەیەشدا دوو شیعری (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمانەن:

١- ژمارە (١)، ل٩، شیعری (گوڵە مێلاقە و وەنەوشە)، (١٨) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا ل٩٠، (١٦) دێرە و بە ناونیشانی (ئەمەگی گوڵان) بڵاوکراوەتەوە، واتە دێرەکانی (٤، ١٥)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- وەرە بە ڕاستی وەڵامم دەوە بۆتە بە گرێی سەر دڵم ئەوە
٢- وەک من ڕازی خۆم گێڕاوە لەبۆت تۆش بگێڕەوە بۆ من دەردی خۆت

هەروەها لەم ژمارەیەدا، ل١٨، شیعرێکی تری بە ناونیشانی (قەت نابەزم) تێدایە، کە لە دیوانەکەیدا، ل٧٨، بە ناونیشانی (کوردم ئەمن) وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە.

چوارەم: کۆواری کوردستان (١٩٤٥- ١٩٤٦ز): یەکەمین ژمارەی لە (٦ی دیسەمبەری ١٩٤٥ز)دا دەرچووە. وەک بڵاوکەرەوەی بیری (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، کۆوارێکی ویژەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی بووە. [نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠٠٧، ١٦٣] (هەر چەندە دەگوترێت، (١٨) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ بەڵگەیەک نییە، ئەوە بسەلمێنێت، کە ئەوەندە ژمارەیەی لێ دەرچووە، بەڵکو تاکوو ئیستا تەنیا (٧) ژمارەی لەبەر دەستە).[عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٠، ١٢٦] لەم (٧) ژمارەیەشدا، لە (٤)ژمارەیاندا شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاو کراوەتەوە.

١- ژمارە (٢)، ل٧: شیعری (بژی دیموکرات). ئەم شیعرە بە هەندێ دەستکاری وشەییەوە، بێ

زیاد و کەم لە دیوانەکەیدا، ل١٠٤دا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها هەر لەم ژمارەیەدا، لە (ل١٧-١٨)دا شیعری (هەڵ دەکەم)، کە (١٤)دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل٢٦٩، (١٣) دێرە، واتە دێری (٣)ی تێدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

- ڕۆڵەی کوردم لە هیچ باکم نییە ڕۆژی هەرا
سیمی خارداری عەدوو وەک قانگلی موو هەڵدەکەم

٢- ژمارە (٤)، ل٢٠-٢١: شیعرێکی بێ ناونیشانی (١١) دێریی تێدایە، لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە دێری یەکەم و کۆتایەتی:

| | |
|---|---|
| ١- جـــێژنەیە کاتی شـــادی و سرورە | جـــێژنی تەشکیلی لەشکری سوورە |
| ٢- گیـانی پـــاکت هەمیشە شـادبێ لینین | هــەر بژی و بـەرقەرار بێ ئیستالین |

٣- ژمارە (٦ ،٧)، ل٤٧-٥٨: شیعری (خۆ بەخت کردنی خۆڕایی)، کە لە (٣٩) دێر پێکدێت. لە دیوانەکەیدا، ل١٧٨دا بە ناونیشانی ( لە بیرم مەکە) بڵاو کراوەتەوە.

پێنجەم: ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٤٦ز): وەک ڕۆژنامەیەکی وێژەیی و سیاسیی زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، یەکەمین ژمارەی لە (١١-١-١٩٤٦ز) دەرچووە. هەروەها هەر دوو ڕۆژ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە و تا نسکۆی کۆمار (١١٣) ژمارەی لێ دەرچووە. [عەبدوڵڵا زەنگەنە ، ٢٠١٠، ١٢٧] شایانی ئاماژەیە ئێمە تەنیا (٩٢) ژمارەمان بەردەست بووە، لە (١٨) ژمارەیاندا شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ژمارە (٢)، ل٣: شیعری (ڕۆژی شادی)، (١٥) دێرە. وەک لەسەر شیعرەکە نووسراوە: ((بە موناسەبەتی هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە بۆکان گوتراوە))، بەڵام لە دیوانەکەیدا ل٩٨ بە دەستکارییەوە، (١١) دێرە و دێرەکانی (٤، ٥، ٦، ٧)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١- شاد بێ و ئازاد بێ و سەربەست بێ | بێ ئەوەی بخواتەوە مەی مەست بێ |
| ٢- هەڵپەڕێ و دیلان و حیندرحۆ بکا | بەس فغان و شیوەن و ڕۆڕۆ بکا |
| ٣- پیاو و ژن، کیژ و کوڕ و پیر و مناڵ | مالک و جوتێر و حەماڵ و بەقاڵ |
| ٤- لێک دەبێ ئەوڕۆ بکا شوکری خودا | پاک دەبێ جێژنی بکا، نەزری بدا |

٢- ژمارە (٣) ، ل٣: شیعری (تۆم هەر لە بیرە)، (٦) کۆپڵەیە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٩٥، ئەم سێ کۆپڵەیەی خوارەوەی تێدا نییە:

| | |
|---|---|
| ١- لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم | لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم |
| کە هەڵدێنم لەبۆ نیەت دوو دەستم | ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە |
| ٢- زەمانێکی کە ڕادەبرم بەڕێ دا | زەمانێکی کە ڕادەکشم لە جێ دا |

لە شار و کوچە و کۆڵان و دێ دا ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە
٣- لە عیشقی تۆ عەزیزم بوومە فەرهاد چ غەمگین بم چ مەحزوون بم چ دڵشاد
چ سەربەست بم چ ژێردەست بم چ ئازاد ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

٣- ژمارە (١٠)، ل٢: شیعری (شانازی)، (٢٠) دێرە و لە ژێر ناونیشانی شیعرەکە نووسراوە: ((وەڵام بۆ خاڵە مین))، لە دیوانەکەیدا نییە و دێری یەکەم و کۆتایی ئەمانەن:

١- مەردی نەبەرد و شاعیری بێ باك و چاك منم
ڕۆژی هەرا و کێشە و شەڕ سەددی ئاسنم
٢- لێم زیز مەبە عەزیزی دڵم خاڵی خۆشەویست
شاگردی چووکی تۆم و کوڕی چاك و»هێمن»م

٤- ژمارە (١٢)، ل١، شیعری (جێژنی ئازادی)، (٣١) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٢٧٢، (٣٠) دێرە و دێری (١٩)ی تێدا نییە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

- کاتی داوەتە، سەردەمی شادی گەورە نۆ ڕۆژە جێژنی ئازادی

٥- ژمارە (١٨)، ل٣، شیعری (ڕەشەمە)، (٦) کۆپڵەیە، بەڵام لە دیوانەکەیدا،ل١٠٧ ، (٤) کۆپڵەیە، واتە کۆپڵەکانی (٥، ٦)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- زەحمەت و کوێرەوەری دیت و نەبوو هیچ وەڕەز
میللەتی کوردی نەبەردی بە دڵی مەردی نەبەز
ئاخیرولئەمر بەزی دوژمنی خوێڕی بلەوەز
کەی بەری باز و هەڵۆ دەگرێ برا مێش و مەگەز
بۆیە نابێت بۆیە نابینن کە ببین نۆکەر و ژێردەست ئەمە

٢- ئێمە قەومێکی نەجیبین و لەمێژین و پاک
توند و کارامە و مەزبوت و بە هێز و چالاک
تازە نایدەین بە کەسێ تاکو هەبین، بسێ خاک
نامرێ تاکو ئەبەد میللەتی ئازا و بێباک
چیان لە ئێمە دەوێ ئەو عارەب و تورک و عەجەمە؟!

٦- (٢٠)، ل١،٤، شیعری (ڕۆیی خەم)، (١٦) دێڕە، بە هەندێ دەستکاریی وشەییەوە، لە دیوانەکەیدا، ل١٠٦، بە ناویشانی (هەتاوی ئیقبال) بڵاوکراوەتەوە و (١١) دێڕە و دێڕەکانی (٣، ٨، ٩، ١٢، ١٤)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- داوەتی گرتووە کیژ و کوڕی کورد ڕێک و جوان هەروەکو غیلمان و حوور

٢- نەبەزی و سەرڕەقیی بە قەومی کورد بوو لە تاریخی جیهاندا مەشهوور

٣- چۆن لە ژێردەستی و یەخسیری دا هەڵ دەکا میللەتی بێباک و غیوور

٤- خوا مەدەدکار بێ دەکەن دوژمنەکان لە سنووری وەتەنی خۆیان دوور

٥- چونکو لایەنگری مەزلومانە چونکو بۆ کوردی هەژارە چاوسوور

٧- ژمارە (٢٢)، ل٢، شیعری (تاڵ و شیرین)، (٤٠) دێڕە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٩٦، (٣٣) دێڕە و بە جیاوازییەکی زۆر و تێکچڕژاوەوە، بە ناونیشانی (دواڕۆژی ڕووناک) بڵاوکراوەتەوە. بۆیە بەهۆی ئەم تێکچڕژاوییەوە تەنیا ئەم دوو دێڕەی خوارەوەمان بۆ دەستنیشان کرا، کە بەڕەهایی لە دیوانەکەیدا نین.

١- لە کوردان کوشتیان بێ سووچ و تاوان هەزاری وەک (سمایل ئاغای سمکۆ)

٢- ئەوانە کێوی و دێو و درنج نیین ئەوانەش ئادەمیزادن ئیدی خۆ

٨- ژمارە (٢٤) ل٦، شیعری (ژیانی ئازادی)، (١٣) دێڕە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە یەکەم و کۆتا دێڕە:

١- ئـەوێستاکـە بەکوێری چاوی دوژمن لـە هـەر لایێکی کورد گرتوویە جێژن

٢- بـژی یـاخوا سـەرۆکی بەرزی گەورە ئـەوێستـا بۆتـە وێردی زاری «هێمن»

٩- ژمارە (٢٥)، ل١، شیعرێکی بێ ناونیشانی (٢٦) دێڕی تێدایە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٠٢، بە ناونیشانی (ڕێبەندان و شاعیر)، (٢٣) دێڕە، کە دێڕەکانی (٢٠، ٢١، ٢٢)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- گەڕۆک ساز دەکا و ڕێی ئیسفاڵت دەکا بە هەموو کاری وڵات ڕا دەگا

٢- مەکتەب دادەنێ و حەکیم و دکتۆر لە کوردستاندا دەبێ فرە زۆر

٣- نایەڵن چیدی کوردی بەستەزمان بە هیلاک بچێ بێ داو د دەرمان

١٠- ژمارە (٢٨)، ل١، شیعری (ڕێی پێشکەوتن)، (٨) دێڕە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە دێڕی یەکەم و کۆتایەکەیەتی:

١- دەزانی کـوردە ڕێی پێشکـەوتنی تۆ چیە ئێستـاکـە: من پێم وایە خوێندن

٢- بـە کیژ و کـوڕ بخوێنن چونکو زانین شتێکی لازمـە بـۆ پیـاو و بـۆ ژن

١١- ژمارە (٣٠)، ل٢، شیعری ( دایکی نیشتمان و هێمن)، (٢٢) دێرە. لە دیوانەکەیدا، ل١٠٨، بە دەستکارییەکی زۆری وشەییەوە (٢٠) دێرە و بە ناونیشانی (دایکی نیشتمان) بڵاو کراوەتەوە ، واتە دێرەکانی (٤، ١٣)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- سەر و پودراکی تۆ بۆچی بڵاوە بەرۆکت بۆچی تا داوێن دڕاوە

٢- دە ڕۆژە چێژنی ئیستیقلالی کوردان دەگیرێ و خۆشی و کەیفە لەبۆمان

١٢- ژمارە (٣٤)، ل٣، شیعری ( جێژنە پیرۆزە)، (٩) کۆپڵەیە لەژێر ناونیشانی شیعرەکەش، ئەم پێشەکییەی نووسییوە: ((هاوخوێنە خۆشەویستەکان: لە جێژنی ونەورۆزدا لە سەفەردا بووم و نەمتوانی ڕووبەڕوو جێژنە پیرۆزانەتان لێ بکەم، ئەوا بەو دەستە شیعرە جێژنە پیرۆزە لە هەموو برایەکی هاوخوێن و هاونیشتمان دەکەم))، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٠٩، بێ ئەم پێشەکییە، (٦) کۆپڵەیە و بە جیاوازی و دەستکارییەوە، بە ناونیشانی (نەورۆزی ڕزگاری) بڵاوکراوەتەوە. واتە کۆپڵەکانی (٥، ٦، ٨)ی تێدا نین و ئەمانەن:

١- لە زەویا بۆتەوە ماڵات و دیاری داوە، ویشک و تەڕ
لەهەر لا دێتە گوێ ئەوڕۆ کە دەنگی زاوە ماکی مەڕ
دەکا کورژن و حیلە ئەسپ و ماین گوێچکەیی پیاو کەڕ
ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە و جەژنی نەورۆزە
دەکەم لێتان برایانی وەتەن من جێژنە پیرۆزە

٢- لە خۆی داوە بەرەلبێنە کچە کابانی گەردەن کێل
دەکا مەست پیاو بە بۆنی مێخەک و عەتر و گوڵاو و هێل
بە لار و لەنجە ئەو شۆخە دەکا لاو و جحێڵان گێل
ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە و جەژنی نەورۆزە
دەکەم لێتان برایانی وەتەن من جێژنە پیرۆزە

٣- کە هێنای بای بەیانی بۆنی خۆشی گوڵ لەلای گوڵشەن
دەبێ عەتارەکان ئێوە هەموو دەرکی دوکان داخەن
لەکن بۆنی هەڵاڵە بۆنی عەترە وەک هەڵاڵ بۆ کەن
ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە و جەژنی نەورۆزە
دەکەم لێتان برایانی وەتەن من جێژنە پیرۆزە

١٣- ژمارە (٤٤)، ل١، شیعری (ئاوونگی سوور)، (١٣) دێرە و لە دیوانەکەیدا نییە. لە ژێر ناونیشانی شیعرەکەش نووسیویەتی (بە موناسەبەتی ڕۆیینی لەشکری سوور گوتراوە). ئەمەی خوارەوە دێری یەکەم و کۆتایەکەیەتی:

١- دوێنێکە کـــاتی کــــازیوەی بـــەیان لـــە خـــەو هەڵسام ڕۆیم بە گـــەڕان
٢- لـــەوەی بە دواوەش قەت مەیکە لە بیر حـــەیفە بە تەنها کـــورد ببێ یـــەخسیر

١٤- ژمارە (٤٨)، ل٤ شیعری ( کورد و ئازەربایجانی )، بەم پێشەکییەوە: ((بە موناسەبەتی یەکێتی کورد و ئازەربایجانی گوتراوە و لە ڕۆژی ٦- ٢- ٢٥ دا لە حزووری سەرانی ئەو میللەتە دۆستەدا خوێندراوەتەوە)). پاشان بە هەندێ دەستکاری وشەییەوە، لە دیوانەکەیدا ل١١٢، بڵاوکراوەتەوە.

١٥- ژمارە (٦٢)، ل٢، شیعری (خونچەی خوێنین)، (٢٠) دێڕە و لەسەر ناونیشانی شیعرەکە نووسراوە: ( شینی هێمن بۆ قارەمان خۆشەوی خەلیل). ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە دێڕی یەکەم و کۆتاکەیەتی:

١- دوێنێ ئێواریٚ چـــوومە سەیر و گەشت تـــا بـــانگی شـــەوان گەڕام کێو و دەشت
٢- ئـــــەو بـــاغە جوانەش خولدی بەرینە جێی پـــەروەرشی خـــونچەی خوێنینە

١٦- ژمارە (٦٥)، ل٢، شیعری (وەنەوشە و گوڵە مێلاقە)، (١٨) دێڕە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٩٠، (١٦) دێڕە و بە ناونیشانی (ئەمەگی گوڵان) بڵاوکراوەتەوە، واتە دێڕەکانی (٤، ١٥)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- وەرە بە ڕاستی وەڵامم دەوە بۆتە بە گرێی سەر دڵم ئەوە
٢- وەک من ڕازی خۆم گێڕاوە لەبۆت تۆش بگێڕەوە بۆ من دەردی خۆت

١٧- ژمارە (٨٧)، ل٢، شیعری (بلوێری شوان)، (١٢) دێڕە و بە هەندێ دەستکاری وشەییەوە، لە دیوانەکەیدا، ل١١١، بڵاوکراوەتەوە.

١٨- ژمارە (٨٨)، ل٣، شیعری (گوڵ و بولبول)، (١٢) دێڕە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١١١، (١١) دێڕە و بە ناونیشانی (پێکەنینی گوڵ) بڵاوکراوەتەوە. واتە دێڕی (١١)ی تێدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

- من بنێری بە هەدیە و دیاری عاشقێکی هەژار بۆ یاری

شەشەم: کۆواری هەڵاڵە (١٩٤٦ز): (یەکەمین ژمارەی لە (ڕەشەمەی ١٣٢٤- ئاداری ١٩٤٦ز)دا دەرچووە. کۆوارێکی سیاسی و ویژەیی بووە و لەلایەن (حزبی دیموکراتی کوردستان) لە بۆکان دەرچووە، مامۆستا (حەسەنی قزلچی) سەرپەرشتی کردووە و (٣) ژمارەی لیٚ دەرچووە).[جەمال خەزنەردار، ١٩٧٣، ٥١] لە هەر (٣) ژمارەکەدا شیعری (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمانەن:

١- ژمارە (١)، ل١٨، شیعری (بەهاری زانین)، (١٦) دێڕە و لە دیوانەکەیدا، ل٢٧١، وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە.

٢- ژمارە (٢)، ل٢٥-٢٧، شیعری (نامەی لادێی بۆ شارستانی)، (٩) کۆپلەیە، لە دیوانەکەیدا، ل٩١، بە ناویشانی (بەهاری لادێ) بڵاوکراوەتەوە.

٣- ژمارە (٣)، ل٢٢-٢٤، شیعری (شینی ژنە کوردێک)، (٢٨) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل٢٧٥، وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە.

حەوتەم: کۆواری هاواری نیشتمان (١٩٤٦ز): (یەکەمین ژمارەی لە (٢١- ٣- ١٩٤٦ز)، وەک (بڵاوکەرەوەی بیری ییکەتی جەوانانی دیموکرات) دەرچووە. کۆوارێکی ویژەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە و لە مەهاباد، لە چاپخانەی کوردستان چاپکراوە).[نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠٠٧، ١٦٩] تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە. لەم ژمارەیەشدا شیعرێکی (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمەی خوارەوەیە:

١- ژمارە (١)، ل ٣٨-٣٨، شیعری (دەمەتەقەی دوو خوێنمژ)، (٢٩) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل٢٧٣، وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە.

هەشتەم: کۆواری گروگاڵی منداڵانی کورد (١٩٤٦ز): یەکەمین ژمارەی لە (بانەمەڕی ١٣٢٥ بەرامبەر (شوباتی ١٩٤٦ز)، لە ژێر دروشمی (بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان) دەرچووە. تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە و لەلایەن (مەلا قادری مودەڕیسی)، کە لە مەهاباد بەڕێوەبەری چاپخانەی کورستان بووە، سەرپەرشتی کراوە.[هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ل١١٤، ١١٥] لەم سێ ژمارەیەدا لە ژمارە (١، ٣) شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاو کراوەتەوە و ئەمانەن:

١- ژمارە (١)، ل٧، شیعری (بۆ کچان)، (٣) دێرە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

کچە کورد تۆش وەکو کاکت بخوێنە    لــە خــوێندن چاوەکانم دامەمێنە
بــرات محتاجی یــاری دانــی    گــەلێك پێویستی فیکری جوانــی
لـە کاکی خۆت کەوێ بخوێنە دادە    کـە حەیوانـە هەچێکی بێ سەوادە

٢- ژمارە (٣)، ل٥، شیعری (خودا)، (٧) دێرە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەمەی خوارەوە دێری یەکەم و کۆتایەکەیەتی:

١- هـــەر خودایە کە فەرد و بێ هەمتـا    پـــاك و بێچوون و گەورە و دانـــا
٢- «هێمنـــا» تـــا هەبێ زبـــانت تۆ    هـــــەر بـــــڵێ )لا الە الا اللە)

نۆیەم: ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩- ١٩٦٣ز): ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی (سیاسی و زانیاری و ویژەیی و کۆمەڵاتی)یە، یەکەمین ژمارەی لە (٦-٣-١٩٥٩ز) لە تارانی پایتەختی ئێران، بە سەرپەرشتی

(عەبدولحەمید بەدیع زەمانی) دەرچووە، تا نیسانی (١٩٦٣ز) بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا (٢٠٩) ژمارەی لێ دەرچووە.[محەمەد باقی، ٢٠١٣، ل٤٣٤] وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین، لە (٢٥) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاو کراونەتەوە و ئەمانەن:

١- ژمارە (٧)، ل٤، شیعری (کچی مەهاباد)، (١١) دێڕە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١١٩، جگە لە جیاوازی وشەیی، (٨) دێڕە. واتە دێڕەکانی (٣، ٧، ٨)ی تێدا نیین و ئەمانەن:

١- لە کوێ وەک من دەزانێ: چەند شیرین و ڕەزا سووکی،
کەسێکی تۆی لە ڕێ بازا، لەژێر چارشێوی ڕەشدا، دی؟
٢- ئەسیری ئاڵقەی زنجیری باسکی تۆیە دڵ، ئەی گوڵ!
نەبینێ ئەو ئەسیرە، تازە، ڕەنگە، ڕەنگی ئازادی
٣- لە بیرتە ئەو شەوەی بۆم هاتییە ژوانێ بە تەنیایی
گوتم: خۆشت دەوێم گیانە؟! بزەت هات و گوتت: ئادی

٢- ژمارە، (١٢)، ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی یەکەم.
٣- ژمارە، (١٣)، ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی دووەم.
٤- ژمارە، (١٤)، ل٤، شیعری (بانەمەڕ)، بەشی سێیەم. ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا، ل١٢٠-١٢٦، بە ناونیشانی (بەهاری کوردستان) بڵاو کراوەتەوە.
٥- ژمارە، (٩٣)، ل٩، شیعری (بەهاری بێ خەزان)، (١٢) دێڕە، لە دیوانەکەیدا، نییە و ئەمەی خوارەوە دێڕی یەکەم و کۆتایەتی:

١- لە سایەی لوتفی بێ حەددی خوداوەند — لەهەر لایێکی پەیدابوو زەماوەند
٢- ((الهی))! سەڵتەنەت هەر بەردەوام بێ — شەهەنشاهی مەزن هەر شادکام بێ

٦- ژمارە (٩٥)، ل٤، ٩، شیعری (ڕۆڵەی ماد)، (٢٤) دێڕە، لە دیوانەکەیدا، نییە و دێڕی یەکەم و کۆتایی ئەمەی خوارەوەیە:

١- کوردە! تۆ ڕۆڵەی دلێرانی — زادەی خاکی پاکی ئێرانی
٢- بەو هەموو زیپك و غیرەت و هێزە — وەتەنی ئاریـا بپـارێـــزە

٧- ژمارە (٩٦)، ل٩، سێ شیعری (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمانەن:
١- شیعری (زیپکی شاهانە)، (٩) دێڕە و لە دیوانەکەیدا نییە و ئەم دوو دێڕەی خوارەوە بە نموونە:

١- ساقیا لێوئاڵەکەی چاوکاڵەکەی ئەبرۆ کەوان
بمدەرێ جامی شەڕابی نابێ ڕەنگی ئەرخەوان
٢- خاوەنی بیرێکی ڕوونە، صاحیبی عەزمی قەوی
هیممەتی ئەو بوو، تەمی نگبەت لەسەر ئێمە ڕەوی

٢- شیعری (دڵی شاعیر)، (٢) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٩٢، وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە.

٣- شیعری (خونچەی سیس)، (١٢) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٣١، وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە.

٨- ژمارە (٩٧)، ل٣، ١٨، شیعری (بەهاری لادێ)، (١٣) کۆپڵەیە و لە ژێر ناونیشانەکەیدا نووسیویەتی: ((ئەم شیعرانەم لە جوابی نامەی دۆستێکم دا نووسیوە)). لە دیوانەکەیدا، ل٩١، بڵاو کراوەتەوە.

٩- ژمارە (٩٨)، دوو شیعری (هێمن)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و ئەمانەن:

١- شیعری (گریانی نیوەشەو)، ل٣، (٩) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٢٩، وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە.

٢- شیعری (کۆچی یار)، ل٦، (چوارینە) و لە دیوانەکەیدا، ل١٣٨، وەک خۆی بووە بە چوارەمین کۆپڵەی شیعری (موو ناپسێنم).

١٠- ژمارە (١٠٧)، ل٤، ٩، شیعری (چارەنووسی شاعیر)، (٨) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٤٠، بە هەندێ دەستکارییەوە، بڵاوکراوەتەوە.

١١- ژمارە (١٢٢)، دوو شیعری (هێمن)یان تێدا بڵاو کراوەنەتەوە و ئەمانەن:

١- شیعری (ماچی شیرین)، (٧) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٤٣، وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە.

٢- چوارینێکە، کە لە دیوانەکەیدا، ل١٩٢، بە ناونیشانی (تەرجەمە لە ئەنوەرییەوە)، بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ڕۆژنامەکەدا، ل٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاوکراوەتەوە:

(( ئاواڵێکم دوو شیعری – ئەنوەری – بۆ خوێندمەوە، کە:

هر بلائی کر آسمان آید          گرچه بر دیگران قضا باشد
بزمین نا رسیده میپرسد:          خانەی أنوری کجا باشد؟

چونکە وەصفەلحاڵی برای خۆتان بوو، ویستم وەری گێڕمەوە سەر کوردی و بۆتانی بنێرم، وە ئەوا، وام بەسەر هێنا:

هەر بەڵاییێک لە ئاسمانەوە بێ          با، لەوێش ڕا نەهاتبێ بۆ من
کە گەیشتە زەوین، دەکا پرسیار          ئەرێ لە کوێ یە ماڵی کاک (هێمن)؟))

١٤- ژمارە (١٢٣)، ل١٠، شیعری (کەم تەرخەمی)، (٥) چوارینەیە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٣٩، ناونیشانی شیعرەکە بوویتە (تووڕەیی) و (٤) چوارینەیە. واتە چوارنیەی پێنجەمی تێدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

- هێندە کێشاومە ڕەنجی بێهودە پیر بووم و تواملەوە، وەک شەم
شەرتە تازە نەخۆم خەمی خەڵکی خۆم بکەم شێت و مەست و کەم تەرخەم

١٥- ژمارە (١٣٣)، ل٤، دوو شیعری تێدایە و ئەمانەن:

١- شیعری (هێلانەی بەتاڵ)، (٧) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٤٤، بە هەندێ دەستکارییەوە، بڵاوکراوەتەوە.

٢- شیعری (پەیمان شکێنی)، (٢) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٣٨، بوویتە سێیەمین کۆپلەی شیعری (موو ناپسێنم).

١٦- ژمارە (١٣٤)، ل١٢، شیعرێکی بێ ناونیشانە و (٦) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٤٥، بە جێگۆڕکێی هەندێ دێرەوە، بە ناونیشانی (گلێنەی شاعیر) بڵاوکراوەتەوە.

١٧- ژمارە (١٣٨)، ل٨، شیعری (ژیانم پڕ لە دەردە و نامرادی)، (٤) دێرە و لە دیوانەکەیدا، ل١٣٨، بوویتە یەکەمین و دووەمین کۆپلەی شیعری (موو ناپسێنم).

١٨- ژمارە (١٤٣)، ل٣، شیعری (وڕێنەی ڕۆژوو)، (١٧) دێرە و ئەم پێشەکییەی بۆ نووسیوە: ((ساڵێکی لە مانگی ڕەمەزاندا، دوو میوانم بوون کە هەمیشە لەسەر شیعری تازە و کۆن کێشەیان بوو، ئەمنیش کە ڕۆژوو، نیوە عومر و شپرزە و کەلەلای کردبووم، ئەو پارچە هەڵبەستەم بۆ پێکەنین نووسی)). ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا نییە و دێری یەکەم و کۆتایی ئەمەی خوارەوەیە:

١- ئـەمن ئەوڕۆکـە پـەیدام کردووە بۆ خۆم یەکی دیکە
بـڕۆ خوێڕی! نەکەی تۆ بێ یە ئەو جێی ژوانە چی دیکە
٢- ئـەمن دڵبـەستەیی هـەڵبەستەکانی نـالی و کوردیم
بـلا،ئـەو شـاعیرە لاوە بـلێ (هێمن) فنـاتییکە

١٩- ژمارە (١٧٣)، ل٢، شیعری (سایەی غەم)، (٧) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٤٠، بە ناونیشانی (بۆسەی ڕۆژگار) بڵاکراوەتەوە و دێری (٥)ی تێدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

- دەردی بێ دەرمانی من، چارەی بە هیچ کەس ناکرێ
چونکو دەرمانی نییە، بێگە لە: ماچی دەم نەبێ

٢٠- ژمارە (١٧٤)، ل٣، ٤، شیعری (خاوەنی زێڕ)، (٥) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٨٨، بە جیاوازییەکی زۆرەوە، (٤) دێرە. لێرەدا بە هۆی ئەم جیاوازییەوە، دەقی نێو ڕۆژنامەکە دەخەینە ڕوو، کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| جحێل و چاک و لەبارە، خاوەنی زێڕ | ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێر |
| ڕەزا شیرینە، شۆخە، قیت و قۆزە | ئەگەر خینگە زلە و خوار و شەل و گێڕ |
| قسەزانە، وێژەوانە، خوێندەوارە | ئەگەر نەیخوێندبێ، شەش پیت و دوو دێڕ |
| سڵاوی لێ دەکەن، سەر دادەخەن بۆی | لە ڕێ باز و لە کۆڵان و لە باژێڕ |
| بەڵام زێڕت نەبێ، سووکی، ئەگەر تۆ | بڵێی دەرسی هەزاری وەک (شکسپێر) |

٢١- ژمارە (١٧٥)، ل١١، شیعری (ئارەزووی فڕین)، (٧) کۆپڵەیە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٣٠، (٦) کۆپڵەیە، ئەم کۆپڵەیەی دوایی تێدا نییە و ئەمەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| - خێوی بیرێکی بەرز و ڕوناکم | کەچی لەلایان پەستم و نەوی |
| ئەمن کە دەڵێی ئاوونگی پاکم | نازام بۆچی هاتمە سەر زەوی؟ |

٢٢- ژمارە (١٨٥)، ل٦، شیعری (کیژی لادێ)، (١٧) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل٩٦، (١٥) دێرە. واتە دێرەکانی (٦، ١١)ی تێدا نییە و ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١- گەردەنت وەکو مینای بلوورە | بێ ڕۆژ و ماتیک لێوی تۆ سوورە |
| ٢- بێ فڕ و فێڵ و پاک و خاوێنی | کچێکی وەک تۆ، پاکە داوێنی |

٢٣- ژمارە (١٨٦)، ل٣، شیعری (تۆم هەر لە بیرە)، (٥) کۆپڵەیە و لە دیوانەکەیدا، ل٩٥، وەک خۆی بڵاو کراوەتەوە.

٢٤- ژمارە (١٨٧)، ل٣، ١٠)، شیعرێکی بێ ناونیشانە و (٣) دێرە و ئەمەی خوارەوەیە:

گوڵی گەش بە بای شەماڵی بەهار، ئەشنێتەوە
قاسپەی کەوی کەژ، بەرانبەر نزار، بەرز ئەبێتەوە
من کە دیم لەرەی شەپۆڵی شنەی..... کوردستان
تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان
ئەو کاتە هیوا و ئامانجی دوورم، هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ، گوڵاڵەی سوورم، ئەگەشێتەوە

هەرچەندە ئەم شیعرە بە ناوی (هێمن) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا، هی نووسەر و شاعیر (کامل ژیر ١٩٣٤ز)ە. هەر وەک هەمان شیعر پێشتریش لە کۆواری (هیوا، ژ١٢، ل٣، ساڵی یەکەم )دا، بە ناونیشانی (ئامانجی من)، هەر بەم ناوەوە (هێمن)، بڵاو کراوەتەوە. هەروەها دوو شیعری تریشی لە هەمان کۆواردا بە ناونیشانەکانی: (زەنگ)، لە (ژ٨، ل٢٨، ٢٩، ساڵی یەکەم)، (سرودی لاوان) لە (ژ، ٦ ،٧، ل١٣، ١٤، ساڵی دووەم)دا، بڵاوکردۆتەوە.

هۆکاری ئەمەش هەڵەی چاپ، یاخود خەڵەتاندنی خوێنەر نەبووە، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەم سەردەمەدا بەهۆی نێوداری و خۆشەویستی (هێمن موکریانی) (هەندێ لە شاعیر و نووسەرانی کوردیش بە شانازی بەو ناوەوە، (هێمن)یان بۆ تەخەللوسی وێژەیی خۆیان هەڵبژاردووە و لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا، شیعر و بەرهەمیان بڵاو کردۆتەوە. یەکێک لەمانەش (کامل ژیر ١٩٣٤ز) بووە).[عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ٥] هەروەک ئاماژەمان پێدا، هەم لە کۆواری (هیوا) و هەم لە ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٥٩- ١٩٦٣ز)دا شیعری بە ناوی (هێمن) بڵاو کردۆتەوە، بەڵام دواتر ئەم شیعرانەی ئاماژەمان پێدا و سەرجەم شیعرەکانی تری بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی (کامل ژیر١٩٣٤ز) لە دیوانێکدا، بە ناونیشانی (کوردایەتی و جوانی) جارێکتر بڵاو کردۆتەوە. [کامل ژیر، ٢٠٠٩، ١٤١، ١٥٦، ١٦١]

٢٥- ژمارە (١٩٤)، ل١١، شیعری (گێژەڵووکەی خەزان)، (٢٥) دێرە، بەڵام لە دیوانەکەیدا، ل١٤٦، (٢١) دێرە و دێرەکانی (٣، ٦، ١٠، ١٣، ١٤)ی تێدا نییە و ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١- هەڵ دەوێژنێ بیساتی دڵ خۆشی | دای دەمەزرێنێ حوزن و خامۆشی |
| ٢- بێ ئەوەی هەر موچڕکی پێدا بێ | کوڕ لە گریان دەکا لە سوێی بابێ |
| ٣- بزەییێک نابینی لەسەر لێوێ | چاوە، فرمێسکی خوێن دەپاڵێوێ |
| ٤- نەبوو قەت فاجعەی ئەوەندە بەسام | سێ برا، پێکەوە ببن ناکام |
| ٥- دەستی تەقدیر لەت لەتی کردن | گورگی برسی ئەجەل هەمووی بردن |

٢٦- ژمارە (٢٠٠)، ل١١، شیعری (شینی گۆران)، (٢٥) دێرە و بە هەندێ دەستکارییەوە، لە دیوانەکەیدا، ل١٥١، بڵاوکراوەتەوە.

تەوەرەی دووەم/ سێ کۆوار و سێ پارچە شیعری تری (هێمن موکریانی):

لەم تەوەرەیەدا ئاماژە تیشک دەخەینە سەر سێ پارچە شیعری تر، کە لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوونی زیاترمان بە نێو ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا دەستمان کەوتوون. کە تاک و تەرا لە کۆوارەکانی: (گزنگ ١٩٧٢ز، مامۆستای کورد ١٩٨٥-١٩٩٦ز، بنکەی ژین ٢٠٠٩ز)دا، دوای کۆچی دوایی شاعیر، بڵاوکراونەتەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان لە دیوانەکانیدا نیین. وەک لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

یەکەم: کۆراری مامۆستای کورد ١٩٨٥-١٩٩٦ز: ژ٩، ل٤، شیعری (شاری تووک لێکراو)، (٧) دێرە و ئەمەی خوارەوە دێری سەرەتا و کۆتایەکەیەتی:

١- دیسان هەوری بۆر و چڵکن دایانگرت ئاسمانی ساو
دیسان وەك کچی شەرمێون خۆی شاردەوە تیشکی هەتاو
٢- دیسان دایانگرد شارەکەم بە بۆمبا و ڕەهێڵەی شەست تیر
دایانە بە گەوزی مردن پیاو و ژن و منداڵ و پیر

دووەم: کۆواری گزنگ ١٩٧٢ز: ژ،٨٥، ل١٢٩، شیعری (وەنەوشە)، شیعرێکی (٧) دێرییە و ئەمەی خوارەوە دێری یەکەم و کۆتایەتی:

١- ئەی وەنەوشە، ئەی گوڵی من ئەی خەمرەوێنی دڵی من

٢- بەڵام عەترت لێ دەگیرێ بۆیە ناکرێی فەرامۆش

سێیەم: کۆواری ژین ٢٠٠٩ز: ژ،١٠، ل٣٠٧، شیعرێکی بێ ناونیشان، (٧) دێرە و دێری یەکەم و کۆتایی ئەمەی خوارەوەیە:

١- هەمیشە تەوئەمی ئەندووهو هەمسەری میحەنم نەماوە قووەتی ئەژنۆم و تاقەتی بەدەنم

٢- خوایە یارمەتیم دە، ئەمن خەریکی ئەوەم نەمامی دووبەرەکیی کورد لە ڕیشە هەڵبکەنم

ئەنجام

گرنگترین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- لە کۆی ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی بەسەرمان کردنەوە، (٧١) شیعری (هێمن موکریانی)یان تێدا بڵاو کراوەتەوە، کە بە بەراوردکردن لەگەڵ شیعرەکانی نێو دیوانەکانییدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

أ- (٣٣) پارچە شیعر، تەنیا بە هەندێ دەستکاری وشەییەوە، وەک خۆیان بێ زیاد و کەم لە دیوانەکانیدا، بڵاوکراو نەتەوە.

ب- (٢٢) پارچە شیعر، جگە لە هەندێ وردە دەستکاری وشەیی، دێرێک، یان چەند دێرێک، یاخود کۆپلەیەک یان چەند کۆپلەیەکیان تێدا نەبوو.

ج- (١٦) پارچە شیعر، کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان لە هیچ یەکێک لە دیوانەکانییدا، بڵاو نەکراونەتەوە. هەروەها لەو سەرچاوانەی، وتار، لێکۆڵینەوە، یاخود شیعری ناوبراویان، بڵاو کردۆتەوە. جگە لە بەراوردکردن و دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو دەقی شیعری (سووری دەوران)ی نێو دیوانەکە و کاسێتە تۆمارکراوەکە، (٧) پارچە شیعری ترمان بەردەست کرد، کە لە دیوانەکانییدا، بڵاو نەکراونەتەوە. بەمەش ئەو شیعرانەی کە لە دیوانەکانییدا، بڵاو نەکراونەتەوە، ژمارەیان دەکاتە (٢٣) پارچە شیعر.

٢- ڕوونکردنەوە، دەربارەی ئەو شیعرە بێ ناونیشانە (٣) دێرییەی لە ژمارە (١٨٧) ڕۆژنامەی (کوردستان ١٩٥٩- ١٩٦٣ز) و ئەو (٣) شیعرەی تری کۆواری (هیوا ١٩٥٧- ١٩٦٣ز)، بە ناونیشانەکانی (ئامانجی من، زەنگ، سرودی لاوان)، کە سەرجەمیان بەناوی (هێمن) بڵاو کراونەتەوە، لە بنەڕەتدا شیعری (کامل ژیر)ن.

پاشکۆ

:- ژمارەی ڕۆژنامە و کۆوارەکان:

| ١- ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٤٦ز) | ٢- ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٥٩- ١٩٦٣ز) |
|---|---|
| - ژ١، س١، ١١-١-١٩٤٦ز | - ژ١، س١، ٦-٥-١٩٥٩ز |
| - ژ٢، س١، ١٣-١-١٩٤٦ز | - ژ٧، س١، ١٧- ٦-١٩٥٩ز |
| - ژ٣، س١، ١٥-١-١٩٤٦ز | - ژ١٢، س١، ٢٢-٦-١٩٥٩ز |
| - ژ١٠، س١، ٤-٢-١٩٤٦ز | - ژ١٤، س١، ٥-٧-١٩٥٩ز |
| - ژ١٢، س١، ٩-٢-١٩٤٦ز | - ژ٩٣، س٢، ١٥-٢-١٩٦١ز |
| - ژ١٨، س١، ٢٣-٢-١٩٤٦ز | - ژ٩٥، س٢، ١-٣-١٩٦١ز |
| - ژ٢٠، س١، ٢٧-١-١٩٤٦ز | - ژ٩٦، س٢، ٨-٣-١٩٦١ز |
| - ژ٢٢، س١، ٤-٣-١٩٤٦ز | - ٩٧، س٢، ١٥-٣-١٩٦١ز |
| - ژ٢٤، س١، ١٣-٣-١٩٤٦ز | - ژ٩٨، س٢، ٢٩-٣-١٩٦١ز |
| - ژ٢٥، س١، ١٧-٣-١٩٤٦ز | - ژ١٠٠، س٢، ١٢-٤-١٩٦١ز |
| - ژ٣٠، س١، ١-٤-١٩٤٦ز | - ژ١٠٧، س٣، ٣١-٥-١٩٦١ز |
| - ژ٣٤، س١، ١٠-٤-١٩٤٦ز | - ژ١٢٢، س٣، ١٣-٨-١٩٦١ز |
| - ژ٤٤، س١، ٦-٥-١٩٤٦ز | - ١٢٣، س٣، ٢٠-٨-١٩٦١ز |
| - ژ٤٨، س١، ١٨-٥-١٩٤٦ز | - ژ١٣٣، س٣، ٢٩-٧- ١٩٦١ز |
| - ژ٦٢، س١، ٢٧-٦-١٩٤٦ز | - ژ١٣٤، س٣، ٦-٨-١٩٦١ز |
| - ژ٦٥، س١، ٢-٧-١٩٤٦ز | - ژ١٣٨، س٣، ٢-١-١٩٦٢ز |
| - ژ٨٧، س١، ١٧-٩-١٩٤٦ز | - ١٤٣، س٣، ٧-٢- ١٩٦٢ز |
| - ژ٨٨، س١، ١٩-٩-١٩٤٦ز | - ژ١٧٢، س٤، ٥-٨-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٧٣، س٤، ١٢-٨-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٧٤، س٤، ١٩-٨-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٧٥، س٤، ٢٧-٨-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٨٤، س٤، ٢٨-٧-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٨٥، س٤، ٥-١٢-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٨٦، س٤، ١٢-١٢-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٨٧، س٤، ٢١-١٢-١٩٦٢ز |
| | - ژ١٩٤، س٤، ٦-٢-١٩٦٣ز |
| | - ٢٠٠، س٤، ٢٠-٣-١٩٦٣ز |
| ٣- گۆواری نیشتمان (١٩٤٣- ١٩٤٤ز) | ٤- گۆواری کوردستان (١٩٤٥- ١٩٤٦ز) |

| | |
|---|---|
| - ژ١، س١، تەمموزی ١٩٤٣ز<br>- ژ٢، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ز<br>- ژ٣،٤، س١، تشرینی دووەمی ١٩٤٣ز<br>- ژ٥، س١، کانوونی دووەمی ١٩٤٣ز<br>- ژ، ٦، ٧، ٨، س١، ئایاری ١٩٤٣ز | - ژ١، س١، ٦- ١٢- ١٩٤٥ز<br>- ژ٢، س١، ٢١- ١٢- ١٩٤٥ز<br>- ژ٤، س١، مایسی ١٩٤٦ز<br>- ژ٦،٧، س١، حوزەیرانی ١٩٤٦ز |
| ٥- کۆواری ئاوات (١٩٤٥ز) | ٦- کۆواری هاواری کورد (١٩٤٥ز) |
| - ژ١، س١، ٢٢-١٠-١٩٤٥ز | - ژ١، س١، ئەیلولی ١٩٤٥ز |
| ٧- کۆواری هەڵاڵە (١٩٤٦ز) | ٨- کۆواری گروگاڵی منداڵانی کورد (١٩٤٦ز): |
| - ژ١، س١، شوباتی ١٩٤٦ز<br>- ژ٢، س١، ئاداری ١٩٤٦ز<br>- ژ٣، س١، نیسانی ١٩٤٦ز | - ژ١، س١، نیسانی ١٩٤٦ز<br>- ژ٣، س١، حوزەیرانی ١٩٤٦ز |
| ٩- کۆواری هاواری نیشتمان (١٩٤٦ز) | ١٠- کۆواری هیوا (١٩٥٧- ١٩٦٣ز) |
| - ژ١، س١، ١٢-٣-١٩٤٦ز | - ژ٨، س١، شوباتی ١٩٥٩ز<br>- ژ٦، ٧، س٢، کانونی دووەمی ١٩٥٩ز |
| ١١- کۆواری گزنگ (١٩٧٢ز) | ١٢- کۆراری مامۆستای کورد (١٩٨٥-١٩٩٦ز): |
| - ژ٨٥، تشرینی دووەمی ٢٠١٠ز | - ژ٩، بەهاری ١٩٩٠ز |
| ١٣- کۆواری ژین (٢٠٠٩ز) | |
| - ژ١٠، س١٠ -١١، دیسەمبەری ٢٠١٩ز | |

## سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی:

أ- کتێب:


١- کەمال مەزهەر ئەحمەد. (١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەگەی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین. (٢٠٠٧)، حکومەتی کوردستان، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک- سلێمانی.

٣- ئەرسەلان باییز ئیسماعیل. (٢٠١٣)، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، چاپخانەی شەهاب- هەولێر.

٤- محەمەد فەریق حەسەن. (٢٠٠٨)، هێمن و بۆنی غەریبی، بڵاوکراوەی ئاراس- هەولێر.

٥- محەمەد حەمەباقی. (٢٠١٣)، وێژە و مێژوو، چاپخانەی موکریانی- هەولێر.

٦- : هیمداد حوسێن. (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان، بڵاوکراوەی ئاراس- هەولێر.

٧- جەمال خەزنەدار. (٢٠١١)، ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

٨- ____________. (١٩٨١)، ڕۆژی کورد، چاپخانەی المؤسسة العراقية- بەغدا.
٩- ____________. (١٩٧٣)، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، - بەغدا.
١٠- ____________. (٢٠١٦)، لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.
١١- مارف خەزنەدار. (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس- هەولێر.
١٢- ____________. (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس- هەولێر.
١٣- حەسەنی دانیشفەڕ. (٢٠٠٣)، بارزانی لە ویژدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.
١٤- عوسمان دەشتی. (٢٠٠٩)، هێمن دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.
١٥- ____________. (٢٠٠٩)، هێمن نامە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر.
١٦- مەحموود زامدار. (٢٠٠٣)، چریکەی چیا و سترانی شاعیران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.
١٧- وریا زراری. (٢٠١٢)، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئازادی- کوردستان
١٨- زەنگەنە: عەبدوڵڵا. (٢٠١٠)، سەرجەم بەرهەمە ڕۆژنامە نووسییەکانی جەبار جەباری، چاپخانەی هێڤی- هەولێر.
١٩- کامیل ژیر. (٢٠٠٩)، کوردایەتی و جوانی، چاپخانەی بابان- سلێمانی.
٢٠- : عەلائەددین سەجادی. (٢٠١٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، انتشارات کردستان- سنە.
٢١- سەباح موسا عەلی. (٢٠١٤)، زمانی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە عێراق، چاپخانەی کارۆ- کەرکوک.
٢٢- فاروق فەرهاد. (٢٠١٧)، هەڵبەستی سووری دەوران، چاپخانەی نینا- سوێد.
٢٣- حەمە ساڵح فەرهادی. (٢٠٠٦)، سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی، چاپخانەی سیما- سلێمانی.
٢٤- کەمال فواد. (١٩٧٢)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، چاپخانەی اوفسيت الاخلاص- بەغداد.
٢٥- عەزیز گەردی. (١٩٨٧)، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
٢٦- کوردستان موکریانی. (٢٠٠٢)، زاری کرمانجی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.
٢٧- هێمن موکریانی. (١٩٧٤)، تاریک و ڕوون، بڵاوکراوەی بنکەی پێشەوا.
٢٨- ____________. (٢٠٠٦)، بارگەی یاران، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٩- ____________. (١٩٨٣)، پاشەرۆک، انتشارات ستديان، چاپخانەی پیرۆز - مەهاباد.
٣٠- ____________. (٢٠١٦)، سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشانەکانی، انتشارات کردستان- سنە.
٣١- ____________. (١٩٧٩)، ناڵەی جودایی، چاپخانەی علاء، بەغدا.
٣٢- جەمال نەبەز. (١٩٨٥)، گۆڤاری نیشتمان، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپی دووەم- هەولێر.

٣٣- مامۆستا هێمن. (١٩٩٩)، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەهرو- مەهاباد.

ب- کۆوار:

٣٤- محمود زامدار. (١٩٨٧)، دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی گەلی کورددا، گ، ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١٣- بەغدا.

٣٥-هێمن موکریانی. (١٩٩٢)، لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی ورمێ، بەشی دووەم، گ، (مامۆستای کورد)، ژ،١٤- سوید.

٣٦- دلێر محمد امین محمد. (١٩٩٩)، گۆڤاری هیوا و بەژداری لە بزووتنەوەی وێژەی هاوچەرخدا، گ، (زانکۆی سلێمانی)، ژ،١٢- سلێمانی.

ج- پێگەی ئەلیکترۆنی:

٣٧- خالید محەمەدزادە. (٢٠١٣)، ١٢)، (rojpress.wordpress.com)-١١-(٢٠٢٠

٣٨- مەڵبەندی هونەریی ماملێ، (٢٠٢٠)، (www.Mamle.net)، (١٢-١١-٢٠٢٠)

دووەم: بە زمانی عرەبی:

٣٩- تيسير محمد الزيادات. (٢٠١٤)، الادب العربي لغير الناطقين بالعربية، جزء الاول، دارالمنهل- الاردن.

٤٠- عناد اسماعيل الكبيسي. (١٩٧٢)، الادب في صحافة العراق، مطبعة النعمان- النجف الاشرف.

٤١- منير بكر. (١٩٦٩)، الصحافة العراقية واتجاهات السياسية والاجتماعية والثقافية، مطبعة الارشاد- بغداد.

٤٢- نبيل حداد. (٢٠٠٢)، في الكتابة الصحيفة، دار الكندي- عمان.

٤٣- حمزة: عبداللطيف. (١٩٥٥)، الصحافة و الاب في مصر، مطبعة البرلمان- مصر.

٤٤- انتصار ابراهيم عبدالرزاق– صفد حسام الساموک. (٢٠١١)، الاعلام الجديد، الدار الجامعية- بغداد.

٤٥- فاطمة محمد محجوب. (١٩٦٠)، دائرة معارف الناشئين، دار الهلال- مصر

٤٦- أنطوان نعمة – عصام مدور. (٢٠٠١)، المنجد في اللغة العربية لمعاصرة، دار المشرق - بيروت.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

47- Gayle Waldrop. (1955), Edilor and Editorial Writer, Rinhart and Kompany, Inc – New York.

**Serçawekan Yekem:**

**Be Zimanî Kurdî:**

**A- Kitêb**:


1- Kemal Mezher Ahmed. (1978),Têgeyîştinî Rastî u şiwênî le Rojnamegerî Kurdî da, Çapxaney Korî Zanyarî Kurd- Baxda.

2- Newşîrwan Mistefa Emîn. (2007), Hikumetî Kurdistan, Çapî Sêyem, Çapxaney Tîşik - Silêmanî.

3- Erselan Bayîz Isma'îl. (2013), Sîmay Şî'rî Kurdî diway raparîn, Çapxaney şehab- Hewlêr.

4- Mihened Ferîq Hesen. (2008), Hêmin u bonî gerîbî, bilawkirawey Aras- Hewlêr.

5- Mihemed Heme Baqî. (2013), Wêje u Mêjû, Çapxaney Mukiryanî – Hewlêr.

6- Hîmdad Husên. (2008), Rojnamewanî Kurdistan serdemî Komarî Kurdistan, Bilawkirawey Aras - Hewlêr.

7- Cemal Xeznedsr. (2011), Iyniskilopîdyaî Rojnamegerî Kurdî, Çapxaney Hacî Haşim - Hewlêr.

8-___________. (1982), Rojî Kurd, Çapxaney Almuesese Alirawîye - Bexda.

9-___________. (1973), Raberî Rojnamegerî Kurdî, Çapxaney Alhurĭye - Bexda.

10- __________. (2016), Le babet Rojnamegerî Kurdîyewe, Çapxaney Rojhelat - Hewlêr.

11- Marif Xeznedar. (2010), Mêjûy Edebî Kurdî, Bergî Yekem, Çapî Dûem, Bilawkirawey Aras - Hewlêr.

12- __________. (2010), Mêjûy Edebî Kurdî, Bergî Yekem, Çapî Hewtem, Bilawkirawey Aras - Hewlêr.

13- Hesenî Danîşfer. (2003), Barzsnî le wîjdsnî Rojhelatî Kurdistan da, Çapxaney Wezaretî Perwerde - Hewlêr.

14- Usman Deştî. (2009), Hêmin derbarey nawerokî siyasî u komelayetî şî'reksnî, Çapxaney Rojhelat - Hewlêr.

15-___________. (2009), Hêminname, Çapxaney Rojhelat - Hewlêr.

16- Mehmûd Zamdar. (2003), Çirîkey çiyaw sitranî şa'îran, Çspxaney Wezaretî Perwerde- Hewlêr.

17- Wirya Zirarî. (2012), Dîwanî Hêmin, Çapî Yekem, Pexşangaî Azadî - Kurdistan.

18- Abdullah Zengene. (2010), Sercem berheme Rojname nûsyîekanî Cebar cebarî, Çapxaney Hêvî - Hewlêr.

19- Kamil Jîr. (2009), Kurdayetî u ciwanî, Çapxaney Baban- Silêmanî

20- Alaedîn Secadî. (2012), Mêjûy Edebî Kurdî, Intîşarat Kurdistan- Sine.

21- Sebah Musa Ali. (2014), Zimanî rojnamenûsî Kurdî le Iraq, Çspxaney Karo - Kerkuk.

22- Faruq Ferhad. (2017), Helbestî Sûrî Dewran, Çapxaney Nîna- Siwêd.

23 -Hemesalih Ferhadî ,(2006) .Sozî gerîbî u sê çamey kurdî ,Çapxaney Sîma-Silêmanî.

24 -Kemal Fiwad ,(1972) .Yekemîn Rojnamey Kurdî ,Çapxaney Ofsêt Alixlas-Bexdad.

25 -Ezîz Gerdî , (1987) .Pexşanî Kurdî ,Çapxaney Zankoy Selaheddîn -Hewlêr.

26 -Kurdistan Mukiryanî ,(2002) .Zarî kirmancî ,Çapxaney Wezaretî Perwerde-Hewlêr.

27 -Hêmin Mukiryanî ,(1974) .Tarîk u rûn ,Bilawkirawey binkey pesewa.

28 -__________. (2006), Bargey yaran, Blawkirawey Aras- Hewlêr.

29- ____________. (1983), Paşerok, Çapxaney Pîroz- Mehabad.

30- ____________. (2016), Sercem u koy şî'r u Pexşanekanî, Intişarat Kurdistan-sine.

31- ____________. (1979), Naley cudayî, Çapxaney Ela- Bexda.

32- Cemal Nebez. (1985), Govarî Nîştiman, Binkey çapemenî Azad, çapî dwem-Hewlêr.

33- Mamosta Hêmin. (1999), Çepkê Gul çepkê nêrgiz, Çapî dwem, çapxaney Rehru-Mehabad.

**B- Kowar:**

34- Mehmûd Zamdar. (1987), Dewrî Rojnamegerî Kurdî le jiyanî roşinbîrî u komelayetî gelî kurd da, G, (Roşinbîrî niwê), j, 113- Bexda.

35- Ferhad Şakelî. (1992), Le beharî şilanawêwe ta paîyzî wirmê, G, (Mamostay Kurd), j,14- Siwĭd.

36- Dilêr Mehemed Emîn Mehabad.(1999), Govarî Hîwa u bejdarî le bizûtnewey Edebî hewçerxî kurdî da, G, (Zankoy Selaheddînî), j, 12- Silêmanî.

**J- Pêgey Elîktironî:**

37- Xalîd Mihemedzade. (2013), (rojpress. wordpress. com). (12-11-2020).

38- Melbendî hunerî Mamlê. (2020), (www. Mamlê. net). (11-11-2020).

**Dwem: Be Zimanî Erebî:**

39- Teysîr Muhamed Alziyadat. (2014), Aledeb Alerebî ligêr alnatiqîn blige alerebîyîe, Cuzil ewel Derlmenhel- Alerden.

40- Inad Isma'îl Alkubeysî. (1972), Eldeb fî Sehafet Aliraq, Metbe'e Aln'man - ncef aleşref.

41- Munîr Bekir. (1969), Alsehafe Aliraqîye we itîcahat alsiyasîye we lictîma'îye we lseqafîye, Metbe't Alirşad Bexdad.

42- Nebîl Hedad. (2002), Fî Kitabet alsehefîye, Darlkindî- Amman.

43- Abulltîf Hemze. (1955), Alsehafe weledeb fî Misr, Metbe'e Elberleman- Misr.

44- Intisar Ibrahîm Ebdulrezaq - Sefid Husam Elsamuk. (2011), Ela’lam Elcidîd, Eldar Elcami’îye- Bexdad.

45- Fatîme Muhammad Mehcub. (1960), daiyret me’arif lilnaşiyn, dar Elhîlal-Misr.

46- Entiwan Ni’me - ‘usam Mudewer. (2001), Elmecned fî Elluget Elerebîye Elmu’asiret, darl meşriq- Beyrut.

47- Gayle Waldrop. (1955), Edilor and Editorial Writer, Rinhart and Kompany, Inc-New York.